# جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامییدا

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف[1]، ژینۆ نزار أحمد[2]**

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی کوردی، پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بۆ ناونیشانی (جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامییدا) تەرخانکراوە. کە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی مۆدێلی نواندنی جێندەر لە شێوەزارەکەدا. جێندەر وەک شاوشەیەک بۆ ڕەهەندیی زایەندیی (sexuality) و ڕێزمانیی و کۆمەڵایەتیی بەکاربراوە. هەنگاوەکانی توێژینەوەکە، لە سنووری ڕەهەندیی زایەندیی و ڕێزمانییدا ئەنجامدراوەو کارەکانی توێژینەوەکە بە فەرهەنگ دەستپێکردووە، ئەویش بەو پێیەی فەرهەنگ پاشخانی زانیاریی زمانیی و نازمانییەکانی لە کەرەستە بەرایی و توخمە یەک لێکسیمەکانیدا هەڵگرتووە. دەستنیشانکردنی ناواخنی ئەو یەک لێکسێمانە پەیوەست بە جێندەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە فۆرمەکان لە فەرهەنگەوە نیشانەکراویی جێندەرییان بۆ کام ڕەهەندەیان هەیە، تا لەوێوە لە بەڕێزمانبوونی (grammaticalization) توخمە فەرهەنگییەکەدا، بەتایبەتیی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا جارێکی تر پرۆسەی نواندنی جێندەر تاقیبکرێتەوە، تا بزانرێت پەیوەست بە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییەوە (مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و شکانەوە) سیستەمی تەواوکاریی جێندەریی چۆن مامەڵە دەکات، بۆیە پرۆسەکە چ وەک هەڵگواستن و لێکدان و چ شکانەوەش کاری تێداکراوە. توێژینەوەکە هەنگاوەکانی بە پێی ڕێبازی وەسفیی شیکاریی ئەنجامداوەو کەرەستەی توێژینەوەکەشی لە شێوەزاری هەورامییەوە وەرگرتووە.

**وشە کلیلیەکان:** جێندەر، زایەند، نیشانەکردن، فەرهەنگ، شکانەوە.

## الملخص

هذه الدراسة بعنوان (الجندر في المعجم وصرف اللهجة الهورامية). محاولة لتقديم وتحليل نموذج تمثيل الجندر في اللهجة. تم استخدام الجندر كالكنيه للأبعاد الجنسية والنحوية والاجتماعية. أجريت خطوات البحث ضمن حدود أبعاد الجنس والنحوية ، وبدأ العمل البحثي بالمعجم ، حيث يحتوي المعجم على خلفية المعلومات اللغوية وغير اللغوية في مواده الأولية وعناصره أحادية اللغة. يوضح لنا تحديد محتوى هذه المعاجم المرتبطة بالجندر الأبعاد التي تحتوي عليها النماذج من المعجم. تشكل مورفولوجيا (البناء والانعكاس) هي الطريقة التي يعمل بها النظام التكميلي بين الجنسين ، لذا فإن العملية متضمنة في كل من التكوين الكلمات أو الانعكاس. أجرى البحث بالمنهج الوصفي في التحليل ، وأخذت المواد البحثية من لهجة الهورامي.

**الكلمات المفتاحية:** الجندر، الجنس، التميز، المعجم، الانعكاس.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10447 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | abduljabar.maroof@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ژینۆ نزار أحمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## summary

This paper is entitled (Gender in the lexicon and Morphology of Hawrami Dialect). It is an attempt to present and analyze the model of gender representation in the dialect. Gender has been used as a hyponym for sexual, grammatical and social dimensions. The research steps were conducted within the boundaries of the gender and grammatical dimensions and the research work began with the lexicon, since the lexicon contains the background of linguistic and non-linguistic information in its primary materials and mono lexical elements. Identifying the content of these gender-related lexicons shows us to which dimensions the forms have gender markings from the lexicon. From there, the process of gender representation can be tested again in the grammaticalization of the cultural element, especially in the morphological structure Morphologically (the morphology of creation and Inflection ) is how the gender complementary system works, so the process is involved both as transfer, interpretation and Inflection. The research was conducted according to the descriptive method of analysis and the research materials were taken from Hawrami dialect.


**Keywords:** gender, Sex, marking, Lexicon, Inflection

## پێشەکیی

ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە (جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامییدا)، تێیدا بنەماو پێواژۆی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و شکانەوە لە خستنەڕوو بەرجەستەکردنی جێندەر لە هەرسێ ڕەهەندی زایەندیی و ڕێزمانیی و کۆمەڵایەتییەوە، جێبەجێدەکرێت. هەرچەندە سنووری توێژینەوەکە بۆ زایەندو توخمی ڕێزمانیی تەرخانکراوە, پێواژۆکە لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان دەستپێدەکات، بەڵام قۆناغی نواندنی پێش فەرهەنگیی وەک تیۆری دارشتنی نیشانەکان لە پێش بوونیان بە پۆلەڕەگەز کراوەتە دەستپێکی پۆلەڕەگەزدارشتنی جێندەریی لە ناو فەرهەنگدا. پاشان هەنگاوەکان بەرەو ڕێزمان_مۆرفۆلۆژیی نراون بۆ ئەوەش لەبەر سنووری توێژینەوەکە نواندنی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییانەی ناوو ئاوەڵناو وەرگیروان. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی فەرهەنگ_ڕێزمانییەو ڕێبازی پەسنی شیکاریی تێدا جێبەجێکراوە. ئەگەرچیی لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە بۆ زمانی کوردییە بە گشتیی، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە داتاو نموونەو جێبەجێکردنەکانی لە شێوەزاری هەورامیی وەرگرتووە. وەک ئاماژەی بۆ کرا، توێژینەوەکە لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزمان_ مۆرفۆلۆژییدایە، بۆیە بەش و پارو وەچەپارەکان بەو شێوەیە دارێژراون، لە فەرهەنگ و ناساندنی چەمکی فەرهەنگەوە دەست پێبکات، لە پاشاندا پارەکان بۆ مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن و شکانەوەی پۆلەڕەگەزەکان تەرخانکراون. لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان گەڵاڵەکراون.

## ١/١) فەرهەنگ

زمان پێش ئەوەی بە قۆناغی کۆدکردندا تێپەڕێت، دەربڕین و گۆکردنە. هەمو وشەو دەربراوو کەرەستە زمانییەکانیش لە فەرهەنگدا داکراوە. فەرهەنگ دەروازەی مەعریفی و زمانیی مرۆڤە، (کۆگای هەموو زانیارییەکانە، کە لە توخمە پێکهێنەرەکانییدا، زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان هەڵگیراون) (Adami, 2017,4). یاخود (پێکهاتەی سیستەمێکی زمانەوانییە، کە دەتوانرێت وەك لیستێك یان تۆڕێك لە وشەکان سەیربکرێت، کە چۆنییەتی دەربڕین و ماناو تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیەکان لەخۆ دەگرێت (زاراوەی فەرهەنگ ناڕوونە، تا ئەو کاتەی بۆ <فەرهەنگی دەروونی>، وەك نوێنەرایەتیکردنی زانیاری وشەیی لە مێشکی قسەکەراندا بەکاردێت، هەم وەك لیستێکی بەرفراوانی (ئەلیکترۆنی چاپکراو)ی بابەتە وشەییەکان، کە لە زمانێکی دیاریکراوەوە بەکاردێت.(بلومفیڵد، ١٩٩٣) واگریمانە دەکات، کە" فەرهەنگ تەنیا زانیارییەکانی تیدایە، کە بە تەواوی تایبەتمەندن. هەر تایبەتمەندی وشەیەك، دەتوانرێت

، بە فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیش پێشبینی بکرێت")بڕوانە:(Lexicon - Glottopedia) ئەمەش بە واتای ئەوەی، فەرهەنگ بڕی ئەو زانیارییەی تیدایە، کە بە هۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت، وەك زانیاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی، کە بە دەروازەی زانیاری ناودەبرێت. لە ڕێی هەبوونی ئەو زانیاریانەوە، ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروست و واتا ڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە. چۆمسکی(فەرهەنگ بە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی وشە دادەنێت، کە ناوەڕۆکێکی فراوانی هەبێت(Pustejovsky&Batiukova, 2019,1 ). هەروەها لەتیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەسەلمێنێت، کە لە ئاستی قوڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەسترێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسیەکان دەبەخشێت. (بە پێی تیۆرییەکەی چۆمسکی" فەرهەنگ وەك وشە نامە لە ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگی پیکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتین، لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاری فۆنەتیکیی و واتایین("(ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٧). یا خود فەرهەنگ ( بەو یەکانە دادەنرێت، کە لە ناو تۆڕە ئاڵۆزەکاندا ڕێکخراوە)(2010Geeraerts&Hanne ,146),. بە واتایی ئەوەی، کە(ڕێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندی نێوان وشەکانە، بەو واتایەی هێزی کارپێکردنی، بۆ ڕێکخراوەیی دروستەی فەرهەنگی دەگەڕێتەوە)ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٨). یاخود (فەرهەنگی زمان، لە وشەکانی پێکهاتووەو کە بە شێوەیەکی چرو تێکئاڵاو، لە مێشکدا ڕیزکراون، ئەم جۆرە ڕیزبەندییە یارمەتیدەرە، بۆ دۆزینەوەی وشەکان، بەچەندین شێوە)(عەزیز، ٢٠١١، ٢٣). فەرهەنگ بە پێی ئەو یاسایانەی حوکمی دەکات، وەکو یاسای چۆنییەتی داڕشتنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەناو یەکەی گەورەتردا و یاسای چۆنییەتی هەڵگواستنی کەرەستە فەرهەنگییەکان و پاشان یاسای کۆتو بەندەکان، کەبەسەر دروستە فەرهەنگییەکانەوە مەرج دادەنێت. بۆ نمونە دروستەیەکی سینتاکسی بە هۆی یەکە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێت. دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە(واتای وشەکان لە فەرهەنگدا تایبەتە ، جیاوازە لەو واتایەی، کەلە سیاقی ڕستەدا دەیبەخشێت).(بڕوانە [/https://wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker](https://wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker/). واتە واتای <پیاو> لە فەرهەنگدا جیاوازە لەو واتایەیو کە دەیبەخشێ لە کۆنتێکستی ڕستەدا. وەك > ئازاد وەك پیاو قەرزەکەی دایەوە<. لە لایەکی ترەوە بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت: فەرهەنگی زمانێك بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی وشە و گوزارشتە زمانییەکانی ئەو زمانەو ئەمەش ئاماژە بە (ا) وشەنامە، بە تایبەت وشەنامەی زمانی ئاسایی(language classical)، (ب) فەرهەنگی زمان (language of vocabulary ) وەك وشەکانی زمانیکی دیاریکراو، (پ) بەکارهینانی کۆزانیاری دیاریکراوی زمان دەدات، بەم پێیە فەرهەنگ لە لێماو هەمو جۆرەکانی چەمك، زانیاریی سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکی، پەیوەست بە لێکسیمەکانەوە پێکهاتووە." (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٩).ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە <فەرهەنگ> پێکهاتەی سایکۆلۆژیی زانیاریە لێکسیکییەکانە، کە بە پێی دەروازەی زانیاری ڕێکخراوە، هەروەك ڕێکخستنی لێماکان بە پێی سیستەمی ئەلفبێ، زانیاری دەربارەی (پۆلەرەگەز، دەنگ، واتا) تۆمارکراوە. بۆ نمونە دەروازەی زانیاری وشەیەکی وەکو(پیاو) جگە لە پۆلەرەگەزی(ناو)دەربڕین و واتا سیمانتیکییەکەی، فۆڕمە جیاوازە هەڵگواستراوەکانیشی وەك (پیاوەتی، پیاوەتی،) تیدایە. فەرهەنگی هەر زمانێك، بریتییەو لە لیستی ئایتمە ئاشکراکانی زمانەکە، کە پێویستە هەمو قسە پێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بۆ تاك بووەتە نیشانەیەکی لە خۆوەیی نەك بە هەندیك ڕێگا پێشبینی بکرێت. ((زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتین لە وشە، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان، وەك ئیدیۆم و هەندێکیشی بریتین، لە یەك بچوکەکانی وەك لاگرەکان))(ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٠). لێرەوە پەیوەست بە ناسینەوەی ئایتمە فەرهەنگییەکان، بۆ ئەم لیکۆڵینەوەیە تیشك دەخریتە سەر: (ا)ناسینەوەی فۆرمی، (ب) فۆرمەکە بۆ نیشاندانی زانیاری، لەسەر (زایەند). واتە فۆڕمی جیاواز بۆزایەندی جیاواز دادەڕێژرێت. فەرهەنگ پەیوەستە بە ڕێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارییانەن، کە زانینیان دەربارەی فۆنۆلۆژیی ومۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە. هەروەك فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکیەوەو یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لەبەر ئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستەی ناوەکی خۆیانن، کە بە هۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەك(فۆرمداڕشتن، هەڵگواستن و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرج و سنور دانان) دەنوێنرێت. بەم پێیە، فەرهەنگ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان خەزن دەکات، بە جۆرێك قسەکەر بەهۆی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە، ئەو ریککەوتنەی لە نێوان فۆرم و واتاکەیدا هەیە و پێڕەوبەندیتی لە بەکارهێنانی ئاوەزیانەدا وەها دەکات ئۆتۆماتیکیانە دەستی پێبگاتەوە. لەبەر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەوەی لیکۆڵینەوەکە، وشەو کەرەستەکانی لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، دەبێت بپرسین، کە : (ا) ئایا ستراکتۆرێك بۆ فەرهەنگی شێوەزاری هەورامی هەیە؟، یاخود ئایا سیستەمێك بۆ وشەسازی جێندەر لە فەرهەنگەکەدا هەیە؟ (ب) ئایا سیستەمی جێندەر لە فەرهەنگدا نادیارە( غیابیی)یە؟(پ) سیستەمی جێندەر لە فەرهەنگدا، بۆ گشت وشەکان دارێژراوە، یاخود سیستەمەکە گشتگیرو تەواوکارانەیە، لەفەرهەنگ و ڕێزماندا(مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)دا ، واتە وەك ئەڵقەیەك، فەرهەنگ و ڕێزمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە پەیوەست بە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی لەم توێژینەوەیەدا، بە نمونەو بەڵگە ئەوە دەسەلمێنرێت، کە کۆی سیستەمەکە سیستەمێکی تەواوکارانەیە، گشت وشەو کەرەستەکانی ناو شێوەزارەکە، هەریەکەیان بە پێی تایبەتمەندی خۆیی لە فەرهەنگ یاخود لە یەکێك لە ئاستەکانی ڕێزماندا نیشانەکراون و نیشانەی جیاوازی جێندەریان بۆ دارێژراوە. بەسەرنجدان لەو پێناسەیەی بلومفیلد، کە دەڵێت " فەرهەنگ پاشکۆ/پاشانەی ڕێزمانە)" عبدالدائم، محمد، 2006، 246)لە(Taufiqurrochman,2009,14)،وەرگیراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە <فەرهەنگ> لەسەر بنەمای دیاریکردنی پەسنکردنی ڕێزمانی دانراوە.و فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری یەکترن. واتە مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتی هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات، فۆرمی بۆ هەموو چەمك و ناورۆکەکان دارشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی زمانەکە دەگرنە ئەستۆو هەر هەمان ڕوانینە بۆ جێندەر لە شیوەزارەکەدا.

## ٢/١) چەمکی نیشانەکردن لە فەرهەنگ و ڕێزماندا

نیشانەکردن پێواژۆی نواندنی گشتییانەو تایبەتییانەی پۆلەرەگەزەکانی زمانە، واتا بەراوردکردنی زانیارییەکانی ناو توخمێک یان پۆلەرەگەزێک بەیەکترییە و تێیدا زانیارییەکانی کامیان وردتر بێت، ئەوا زانیارییە وردترەکە نیشانەکراو(marked) ئەوەی دیکەیان پێچەوانەکەی دەبێت. پێواژۆکە نواندنێکی نێو فەرهەنگیی _ڕێزمانیی هەیە، ئەویش بەو پێیەی کەرەستە گەنجکراوەکانی ناو فەرهەنگ لە نێوخۆیاندا دابەشکردنێکی گشتیی_ تایبەتییان هەیە. کەرەستەکان بە پێی بەرێزمانبوونیان بۆ نیشانەکردنی زانیاریی ڕوون و ئاشکرا دەردەخەن. پەیوەست پێکهاتە فەرهەنگییەکە زانیارییەکان لە نێوان <پوور و مام و خاڵ>دا پەیوەست بە نیشانەکردنەکانەوە جیاوازن، بە جۆرێک پەیوەست بە <پوور>ەوە لە فۆرمە فەرهەنگییەکەیدا نیشانە نەکراوە، کەچی هەریەک لە <مام و خاڵ> نیشانەکراون. هەریەک لەو سێ توخمە نیشانەکراویە فەرهەنگییەکەیان بۆ [+/- نێر] یەکلایی بووەتەوە، بۆیە نیشانەکراویی و نیشانەنەکراویی <پوور> و <خال و مام > بە پەیوەندییە خزمایەتییەکەیانەوە بەستراوەتەوە. بە جۆرێک بۆ زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕوونیی پەیوەندییە خزمایەتییکەیەوە نیشانەنەکراوە، بۆیە دەبێت لە بەرێزمانبوونەیدا نیشانەو ڕوون بکرێتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا هەردوو وشەکەی تر، هەر لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە پەیوەندییەکەیان تێدا نیشانەکراوە، بڕوانە هێڵکاریی (١).

**هێڵکاریی(١)**




هێڵکارییکان ئەوە دەردەبڕن، کە سیستامێکی پراوپڕ و تەواوکاریی لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزمانەوە پەیوەست بە نیشانەکردن هەیە، بۆیە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە هەرکام لە پێکهاتەکاندا، جا فەرهەنگ بێت یان ڕێزمان. لە ناو پێکهاتەی ڕێزماندا مۆرفۆلۆژیی دەزگایەکی نیشانەکردنێکی فۆرمیی پێڕەوبەندانەیە. ممۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ناو ڕێزمانە، کە جگە لە دروستکردنی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ ، لە ڕێی تەرزو یاساکانییەوە، زانیارییە واتاییەکانی فۆرمێك ورد دەکاتەوە و نیشانەی دەکات(مەعروف, ٢٠٢٠, ١٧٠). واتا بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی جا چ هەڵگۆڕێزراو بێت لێکدراو، ئەوا جگە لە واتای نوێ، بۆ نیشانکردنی توخمێکی فەرهەنگیی دەبێت، بەوەش بەرهەمهاتووەکە بەشێک لە واتای بناغە فەرهەنگییەکە نیشانەدەکات. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا کەرەستە فەرهەنگییەکان/یەک لێکسێمەکان لەناو پێکهاتەی فەرهەنگییدا بەسەر نیشانەکراوو نیشانەنەکراوییدا دابەشبوون، بۆ نموونە گەر بڕوانێتە <کەو> هەرچەندە هەر لە فۆرمەکەیەوە،

بۆ نیشانەی [+باڵندە] دارێژراوە، بەڵام نیشانەنەکراویی نیشانەکانی [+/- نێر]دایە. مۆرفۆلۆژیی بە پێواژۆی لێکدان لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی بۆ یەکێک لەو دوو نیشانەیە فۆرم دادەڕێژێت. بڕوانە <ماکەو> و <نێرەکەو> و هێڵکاریی (٢).

**هێڵکاریی (٢)**

[+/- باڵندە]

↓

[+ باڵندە]

↓

کەو

[+/- نێر]

ماکەو نێرەکەو

[-نێر] [+نێر]

هێڵکارییەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە نیشانەکردنەکان بۆ بە فۆڕمکردنی نیشانەکانی [+/-] پێواژۆکەش تا ئەو سنوورە بە مۆرفۆلۆژییە، بەوەش نیشانەکان یەکلادەکرێنەوە. شایەنی ئاماژە پێدانە ئەو زمانانەی ژمارەو ناواخنی مۆرفیمەبەندەکانیان فراوانە، پێرەوی نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیانەیان بەهێزە (www.analytictech.com/mb119/markedne.htm). هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و شکانەوەش، لە سنوری بیرۆکەی نیشانەکردندا بوون و ڕەهەندێکی فروانیان هەیە. مۆرفیمەکانی دارشتن سەرەڕای ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نویٚ بۆ واتای نویٚ چالاکن، ئەوان وشەهەڵگوێزراوی بەرهەمدێنن. وشەی فەرهەنگیی <کورد> واتای مرۆڤ_نەتەوەی هەیە، جگەلەوە نیشانەکانی [+ هەبوونی زمان، +شوێن]یشی هەیە، بەوەش بیچمەکە/فۆرمەکە چەپکێک نیشانە پێکیدەهێنێت. بە هەڵگواستنی مۆرفۆلۆژیانە /- ستان/ بۆ شوێن نیشانەی دەکات. بەوەش مۆرفیمەکە جگە لە بەرهەمهێنانی واتای شوێن، نیشانەی یەکێک لە سیماکانی وشەکە <کورد> دەکات. بڕوانە هێڵکاریی (٣)

**هێڵکاریی(٣)**

[+ مرۆڤ ، نەتەوە]

↓

کورد [+زمان ، شوێن]

کوردستان [+ شوێن]

کورد ستان

مۆرفیمەکانی شکانەوەش لە پێواژۆکانی شکانەوەدا یەکێک لە چەپکە نیشانەکانیان بە بناغەکان دەدەن. ئەگەرچیی مۆرفیمەکانی شکانەوە ژمارەیان کەم و سنووردارە، بەڵام لەناوەخنەکەیاندا چەپکە نیشانەکانیان وادەکات، نیشانەکردنەکانیان چالاکتربێت لە هەڵگواستنەکان. مۆرفیمە بەندە ڕیزمانییەکان، هەڵگری واتان و زیاتر لە نیشانەیەکی واتاییان هەیە، بۆیە دەکریت بۆ گەیاندنی واتای دیاریکراو، یەکیك لە نیشانەکانی پێشبخرێت و دەستنیشانبکرێت. مۆرفێمی(ێك/ و/ەکە/ خاوەنی نیشانەبن، کەلە(٤) دا دیاریکراون. بڕوانە(مەعرووف، ٢٠٢٠، ٤١).

٤) ەکە ێك

| ەکە | ێك |
|---|---|
| +ناسراو | - ناسراو |
| +دیاریکراو | -دیاریکراو |
| +تاك | +تاك |

بە هەمان پێوەری هێڵکاریی و نموونەکانی سەرەوە توخمە فەرهەنگییەکان گشتیی و نیشانە نەکراون، شکانەوە لەو ڕوانگەیەوە، لە بەرێزمانبوونی توخمەکاندا نیشانەیان دەکات. لێکسیمی <کوڕ>، بۆ نیشانەکانی [+مرۆڤ و +نێر] زانیارییەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەبڕێت، بەڵام کۆدێکە لەدەرەوەی ئەو نیشانانە [+ گشتیی]ە، بە شکانەوەی بە مۆرفیمی /ەکە/ بۆ نیشانەکەی ناوخنی مۆرفیمەکە نیشانەدەکرێت، بڕوانە هێڵکاریی (٤)

هێڵکاریی(٤)

[+مرۆڤ ، +نێر]

↓

کوڕ [+گشتیی]

کوڕەکە [+ناسراو، +تاك]

کوڕ ↙ ↘ ەکە

نموونەو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن ئاستی نواندنی نیشانەکان و پۆلەڕەگەزەکان بە فەرهەنگ و پێش_فەرهەنگ و پاش_فەرهەنگ/ بەرێزمانبوونەوە بەستراونەتەوە، بەجۆرێک پیش_فەرهەنگیی دنیای دەرەوەو پێش پۆلەڕەگەزدارشتنە (pre categorization)، نەناو فەرهەنگی هەر زمانێکدا پۆلەڕەگەزەکان/بیچمەکان بۆ نیشانەکان دادەڕێژرێن، بۆ وردکردنەوەی نیشانەنەکراویی بیچمە/فۆرمە نیشانەنەکراووئا‌ڕاستەکردنیان بەرەو تایبەتێتیی دەخرێنە ناو ڕێزمانەوە. بەمەش تایبەتێتیی پێرەوی زمانەکان دەردەکەوێت، لە پارو وەچەپارەکانی داهاتوودا ئەو پێواژۆیە پەیوەست بە جێندەرەوە لە زمانی کوردیی شێوەزاریی هەورامییدا جێبەجێدەکرێت.

## ٣/١) جێندەرو نیشانەکردنی جێندەریی:

جێندەر شاوشەی زانیاریی و ڕەهەندەکانی زایەند(sex)و توخمی ڕێزمانیی(grammatical gender)و جۆری کۆمەڵایەتیی هەیە.. https:// en.wikipedia.org/wiki/Gender_and_Language بە پێی سنوری توێژینەوەکە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان (زایەند/ڕەگەز/Sex) و (جێندەری ڕێزمانی )دا، چەند تیۆرییەکی زمانەوانان دەخرێتەڕوو، پاشان لە ژێر ڕۆشنای یەکێك لەو تیۆرانە، ئەو دوو زاراوە، لە فەرهەنگ و ڕێزماندا بۆ شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی وشەو کەرستەکان، لە پێواژوەکانی تایبەت بە زایەند و جێندەری ڕێزمانی، لە شێوەزارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی پشتیان پێدەبەسترێت. تیۆرییەکانی (Greenberg, 1968,73-113)و (Brugmann, 1897,8-9)، دوو تیۆرین سەبارەت بە جێندەر، کە تەواو پێچەوانەی یەکترین. هەردوو تیۆریەکە، ئەو پرسیارە دەوروژێنن، کە ئایا جێندەری ڕێزمانی وشەکان، لەسەر بنەمای زایەند/ڕەگەزی بایەلۆژییە، یان نا؟ زۆرێک لە ناوەکان، لە فەرهەنگدا بۆ ]+/- نێر[ نیشانە نەکراون، هەر بۆیە، لە پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیەکانداو نیشانە دەکرێن، ئەگەر وشەکە/ ناوەکە بۆ مرۆڤ/ئاژەڵ بێت، لەسەر بنەمای بایەلۆژیی، نیشانەدەکرێن، بەڵام ئەگەر وشەکە/ ناوەکە، نازیندوو/ ناوێکی واتایی بێت. لەسەر بنەمای جێندەر(جۆری کۆمەڵایەتی) نیشانە دەکرێن، بە نێر، یاخود مێ دادەنرێت. بەڵام (گرینبێرگ) پێی وایە، کە "هیندۆئەورووپیەکان جێندەری ڕێزمانی وشەکانیان، لەسەر بنەمای (زایەند/Sex)بنیادنراوە ، زیندوو بێت یا نازیندوو". لە لایەکی دیکەوە بۆچوونی (بروگمان) ئەوەیە، کە" جێندەری ڕێزمانی، جیاوازە لە زایەند ". لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە، جێندەری ڕێزمانی هیچ پەیوەندییەکی بە زایەند/ڕەگەزی بایۆلۆجیەوە نییە و هیندۆئەورووپیەکان بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییەیان فراوانتر

کردووە. (هێرت پێی وایە "هیندۆئەوروپیەکان جێندەری ڕێزمانییان بەکارهێناوە؛ بەڵام ئەوان ناویان بەکارنەهێناوە، تەنیا بەکارهێنانیان لە جێناوەکان و تا ڕادەیەک سیفاتەکان بوو")( بختیاری ،ئەوانیتر،٢٠٢٠: ٢١٢). پاش ئەمان تیۆرێکی نوێ هاتە کایەوە، لەلایەن زانای بواری زمانەوانی (کۆربێت)، کە تەواوکەری تیۆرەکەی (گرینبیرگ)ە. پێی وایە، کە (سیستەمی جێندەر؛ دەتوانێت لەسەر بنەمای زایەند/ڕەگەزی بایۆلۆژی یان هەندێک فاکتەری دیکە، وەک جیاوازی نێوان مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ، یان جیاوازی نێوان شتە زیندوو و نازیندووەکان، بنیاتبنرێت (1991، 62)) (Shoham, 2019,17). بە پێی تیۆرییەکەی، زمانەکان بە پشتبەستن بە ئاشکرایی و شاراوەیی، نیشانەی زایەند بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەکات: (ا) ئەو زمانانەی کە جێندەری ڕێزمانی ئاشکرایان هەیە کە تێیدا دەتوانرێت زایەند، لە شێوەی وشەدا ببینرێت. (ب) ئەو زمانانەی کە "جیندەری ڕێزمانی شاراوە"یان هەیە کە ناتوانرێت زایەندەکەیان، لە شێوەی وشەدا بناسرێتەوە. (هەروەها پێی وایە، کە بەپێی تەرخانکردنی جێندەری ڕێزمانی بۆ وشەکان، مرۆڤ دەبێ دەستی بگات بە زانیارییە بنەڕەتییەکانی وشەکان، کە واتای وشەکە و فۆڕمی وشەکە لەخۆدەگرێت)(کۆربێت،١٩٩١ :٨). لە کتێبەکەیدا دوو سیستەمی واتا و فۆڕمی، بە مەبەستی نیشانەکردن و دیاریکردنی زایەند و جێندەری ڕێزمانی بۆ وشەکان خستۆتەڕوو، هەروەها ئاماژەی بە چۆنیەتی هاوتاکردنی جێندەری وشە کردووەو مامەڵە لەگەڵ (کۆتوبەندکردنەوەی وەك سنووردارکردنی کەس، ژمارە، مەزاج ، دەنگ و ...هتد )دەکات، کە بۆ هاوتاکردنی جێندەر ، لە وشەکاندا بەکاردەهێنرێن)(بختیاری، بهروز،ئەوانیتر،٢٠٢٠: ٢١٢-٢١٣). توێژینەوەکە؛ بۆ شیکردنەوە و خستنەڕوو و جیاوازیکردن لە نێوان (جیندەر/ زایەند، جیندەری ڕێزمانی)بە پێی تیۆرییەکەی (کۆربیت)، داتاو زانیارییەکان لە شێوەزارەکەدا دەخاتەڕوو. ئەو تیۆرانەی زایەند و جێندەری ڕێزمانی جیادەکەنەوەو لەسەر بنەما جیاوازەکان و پشت بەستنی لیکۆڵینەوەکە، بە تیۆریەکەی (کۆربێت)ە، کە زایەندی لەسەر بنەمای بایەلۆژی و جێندەری ڕێزمانیشی لەسەر بنەماو فاکتەرە جیاوازەکانی وەك: بایەلۆژیی و زیندویی و نازیندویی و ....) دیاریکردو هەروەها نیشانەکردنی زایەندی فەرهەنگی بە پشت بەستن بە واتاو جێندەری ڕێزمانیش بە فۆڕمی وشەکە. لەگەڵ ئەوەشدا جێندەر وەك جۆر،یاخود پۆلی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کلتورو جیاوازی کۆمەڵایەتی خرانەڕوو.لە ئەنجامدا ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە پەیوەندیەکی تەواوکارانە لە نێوان زایەندو جێندەری ڕێزمانی و کۆمەڵایەتیدا هەیە و لەسەر بنەمای جیاوازە پێکەوەبەستراوەکان، پۆلە ڕەگەزەکان نیشانە دەکرێن. بڕوانە هێڵکاری(٥)، لە (Martina Werner،2،2021) وەرگیراوە.

**هێڵکاری(٥)**




## ١/٢) نیشانەکردنی فەرهەنگیی (lexical marking)

فەرهەنگ کەرەستەخاوەکەی ڕێزمانی تێدا خەزندەکرێت، کە تاکن و یەك (لێکسیم)ن، واتە لە ڕووی فۆڕمەوە یەك سەگمێنتین، جا نواندنەکان لە هەر پێکهاتەیەکی ڕێزمان بن، هەر دەبێت یەك سەگمێنتی/ سادەبێت. ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە (فۆنێمەکان ، مۆرفیمەکان ،وشەکان) بە زانیارییە ڕێزمانییەکانەوە لە ناو فەرهەنگدا هەڵگیراون. لە ڕێزماندا هەریەك لەوانە دروستکەری سێتێکن، هەر یەک لەو سێتانە بۆ (فۆنۆلۆژی بڕگەکانە، مۆرفۆلۆژیش وشە نسادەکانە، سینتاکسیش فرێز و ڕستەکانە)، بۆیە لەم پارەدا تەنها گرنگی بەو یەك( لێکسێم)انە دەدرێت، کە لە شێوەزاری هەورامییدا لە فەرهەنگدا لەسەر بنەمای بایەلۆژیی، بۆ زایەند دارێژراوە. واتە یەك لیکسێمەکان]+/- نێر]، ]+/- مێ] نیشانەدەکات، هەموو ئەو وشانەی بەبێ پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی لە فەرهەنگدا بۆ زایەند دارێژراون، ((پەیوەست بە پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگییەوە (وشەوە) بە تەنها بە بێ شکانەوە و دارشتن، زانیاری لەسەر زایەند دەدات، واتە خودی پۆلە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕەگەزەکە بە فۆڕمەکەی دەربڕی زایەندەو زانیاری لەسەر ئەوە دەدات)(مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٣٥). بەمەش نمونەکانی ناو فەرهەنگ، دەبنە دابەشکردنێکی سەرەتایی بۆ جیاکاریی زایەند، ئەویش بەواتای ئەوەی وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەی بۆکرا، بیچمی پۆلەڕەگەزەک خۆی نیشانەکەری جێندەر/زایەندەکەیە، بەوەش هەریەک لە پۆلەڕەگەزەکانی تریش پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت، کە ناواخنێکی جێندەریی/ زایەندیی لە کۆی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکاندا هەبن. لەبەرئەوەی نیشانەکردنی بیچمی لە ئاستە فەرهەنگییەکەیەوە زایەندەکەی تێدا نیشانە کراوە، دەبێت لە قۆناغی پێش_فەرهەنگییدا/ لە دنیای دەرەوەو پێشئەوەی ببێتە پۆلەڕەگەزو هێمای زمانیی لە شێوەی نیشانەی [+/-]ن و نەبوونەتە فۆڕمی زمانیی. لەو بارەیەوە بڕوانە نموونەکانی (١)و شیکردنەوەو نموونەکانی (٢و ٣)!

١) ا. /ئەدا/ ، /تاتە/ (دایك و باوك)
ب. /هەسورە/ ،/هەسرەو/ (خەزورو خەسو)
پ. /بەران/ ،/مەیە/ (بەران و مەڕ)
ت. /کەڵەشێر/ ، /کەرگە/ (کەڵەشێر و مریشك)
ج. /بەق/ ، /چیلی/ (کەو و ماکەو)
ح. / گەماڵ/ ، /دەڵە/ (گەمال و دەڵ)

نمونەکانی(١)، کە لە پۆلەڕەگەزی (ناو)ن بۆ جیاکاری و نیشانەکردنێکی زایەندی فۆڕمییان بۆ داڕێژراوە، زانیاری زایەندیی (sexy) لەوبارەیەوە دەدەن و هەر لە فۆڕمەکەیانەوە زانیارییەکە بەدەست دێت. وەک ئاماژەشی بۆکرا لە قۆناغی پێش فەرهەنگیدا کەتیگۆرییان نییەو تەنها ئەو نیشانە واتایی زایاندییان هەیە نەک فۆڕم، بەوەش تایبەتمەندیی زارەکە لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە گشتێتی بۆ نواندنی پۆلە ڕەگەزەکانی نییە، واتا لە خوارەوەی هەڕەمەکە نواندنی هەیە. بۆ ئەوەش پێشبینی دەکرێت، کە لە ڕێزماندا چینی نواندنی جێندەر لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. بۆیە لە هێڵکارییەکاندا نیشانەی[ ± نێر]، کراوەتە سەرەوەی هەڕەمی هێڵکارییەکە، ئەوەش قۆناغێکی پێش فەرهەنگییەو بۆ جیاکردنەوەی بە های جێندەرەکەیە، کە لە ناو فەرهەنگدا وشەی بۆ دانراوە، چونکە دەکرێت هەر لەو وشانەدا پێش کەتیگۆری و پێش فۆڕم داڕشتن نیشانەکە جیاکەرەوەی (نێروێ)بێت، چونکە نیشانەی[ - نێر] لە فەرهەنگدا /ژەنە/،/دەڵە/ش دادەڕێژرێن، واتە فۆڕمەکە بۆ بەها کۆمەڵایەتیی و جێندەرەکەشە. بڕوانە نیشانە واتاییەکان لە (٢)دا.

٢) ا. [ ± نێر]مرۆڤ
/تاتە/ /ئەدا/
+ نێر - نێر
+ ژنهێنان + شوکردن

ب. [± نێر]باڵندە
/چیلی/ /بەق/
+ نێر - نێر

پ. [± نێر]ئاژەڵ
/گەماڵ/ /دەڵە/
+نێر - نێر

وشەی / توتە/ لە شێوەزاری هەورامییدا بەرامبەر بە/ سەگ/ ، لە کرمانجی ناوەڕاست- شێوەزاری سلێمانی ، کە قۆناغی پێش کەتیگۆری ( Pre_Catigorical) فەرهەنگی (گەماڵ و دەڵە) و خاوەنی نیشانەی گشتیی زایەندە ]± نێر[ ەوە، لە نیشانەکردنی تایبەتدا بۆ ( گەماڵ و دەڵە) جیادەکرێنەوە، بە پێی نیشانەکان. بڕوانە(ت)

ت. [± نێر] توتە
/گەماڵ/ /دەڵە/
+نێر - نێر

بە هەمان شێوە، وشەی/ ژەرەژ: کەو/ وشەیەکە، کە پەیوەست بە زایەندەوە نیشانە نەکراوە ،نیشانەی گشتی[ ± نێر[ ی هەیە، لە فەرهەنگدا و لە مۆرفۆلۆژی شکانەوەشدا ،بەرامبەر بە نیشانەکان فۆڕمیان بۆ داڕێژراوە. بڕوانە (٣)

٣) ا. لە فەرهەنگدا :
[ ± نێر] ژەرەژ
/بەق/ /چێلی/
+ نێر - نێر

ب- لە مۆرفۆلۆژی شکانەوەدا، بۆ جێندەری ڕێزمانی (نێر) مۆرفیمی سفر(∅) و بۆ (مێ) مۆرفیمی/_ە/، وەردەگرێت و فۆڕمە شکاوەکان، جیاکاری جێندەری دەنوێنن. بڕوانە(٣_ب).

ب. [± نێر] ژەرەژ
+ نێر - نێر
ژەرەژ(∅) ژەرەژە

شێوەزارەکە لە پرۆسەی گەردانکردن و شکانەوەدا باڵادەستی نیشانەکردنی زیاترەو ئاخێوەری شێوەزارەکە دەستکراوەترە لەو پرۆسانەدا، چونکە هەبوونی زانیاری بۆ فۆڕمە فەرهەنگییەکان پێویستی بە کارامەییە، بۆیە دانانی مۆرفێمێك، بۆ نواندنی جێندەر ساناترو بەبەرهەمترە. بە ڵگەکان بۆ /بەق/ و/چیلی/ لە لایەك و /ژەرەژ∅ ، ژەرەژە/ ئەوە دەردەبڕن، کە شکانەوە/گەردانکردن جێگای فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگی گرتوەتەوە.

## ٢/٢) نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیی:

### ٢/٢_١)مۆرفۆلۆژیی:

لە پاری پێشودا ئەوکەرەستانە خرانەڕوو، کە لە فەرهەنگدا سادەو یەك لێکسیمین و خاوەن نیشانەی[+/- نێر]ن. لەم پارەشدا باس لەو پۆلەڕەگەزانە دەکەین، کە لە فەرهەنگدا خاوەنی نیشانەی[±نێر]ن، بۆیە لە مۆرفۆلۆژییدا، بە پێی پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی، بە ڕێزمانی نیشانە دەکرێن بۆ جێندەر. مۆرفۆلۆژیی وەك ئاستێکی سەرەکی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە ((مۆرفۆلۆژیی لێکۆڵینەوەی پێکەوەهاتن و پێکەوەبوونی جۆراوجۆری پێڕەوبەندانەی systematic فۆڕم و واتایە لە وشەدا ))( مەحویی،١:٢٠١٠). لە ئەنجامی پرۆسەکانییەوە وشەی نوێ بە فۆڕم و واتاو ئەرکی نوێ دروستدەکات، ((لە ڕێی تەرزو یاساکانییەوە زانیارییە واتاییەکانی فۆڕمێك ورد دەکاتەوە و نیشانەی دەکات))(مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٣٦).هەمو ئاستێك کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیەو کەرەستەی سەرەکی ئاستی مۆرفۆلۆژیش،مۆرفێمە. (بلومفیلد مۆرفیم وەك بچوکترین یەکەی واتاداری زمان دادەنێت)(قادر، ٢٠٠٢، ١٥). مۆرفیمیش وەك بچوکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆژیی، لە لایەن زمانەوانانەوە پۆلینکراوە بە سەر چەند جۆرێکدا، بە پێی ئاستی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی وەك دانەیەکی سەربەخۆ، ئەوانیش مۆرفێمە بەند و سەربەخۆکانن. لەسەر بنەمای چەمك و واتاش پۆلینکراوە بۆ مۆرفێمە فەرهەنگی(لێکسیکی) و ئەرکی( سینتاکسی)یەکان)بڕوانە (فەتاح، قادر،٢٠٠٦: ٢٩). لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا مۆرفۆلۆژی وەك پێوەرێك بۆ نیشانەکردنی جێندەری بە بێ گوێدانە لایەنی سیمانتیکی لە نێوان ناوو نیشانە دیاریکەرە جێندەرییەکە دادەنرێت. واتە لەسەر تایبەتمەندییەك، یان بنەمایەکی دیاریکراوی لۆژیکی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای یاسایەکی ڕێزمانییە، کە جێندەرو ئەوکەسە/شتە ئاماژەپێکراوە، ناوێك نوێنەرایەتی دەکات. بۆ نموونە: لە زمانی پورتوغالی و ئیسپانیدا ئەو ناوانەی بە پیتی /o/یاخود کۆنسنانتێکی کپ کۆتاییان دێت بە ڕەگەزی (نێر) دادەنرێت، ئەو ناوانەشی بە پیتی/ a/، یاخود بە پیتێکی دەنگدار کۆتاییان دێت بە ڕەگەزی (مێ)دانراون. ئەو ناوانەی، کە بەو فۆنێمانە کۆتاییان نایەت، لە ڕێگەی بنەڕەتی وشەکە، یاخود هەررێگەیەکی تر، کە بە بێ هیچ پێوەرێك جێندەرەکەیان جیادەکرێتەوە، ئەمەش، هەندێ یاسای ئاماژەیی پشت گوێدەخات، بۆ نمونە وشەی (miembro : ئەندام) هەمیشە نێرە ئەگەر ئاماژە بە (کچ و ژن)یش بکات، بەڵام (passoa : کەس) مێیە ، ئەگەر ئاماژە بە کوڕو و پیاو بکات. هەروەها زۆرن ئەو زمانانەی، کە جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانیان هەڕەمەکی نییەو پشت بە چەند دەستورو یاسایەکی ڕێزمانی دەبەستێت. بۆ نمونە: لە زمانی ئێرلەندیدا ئەو ناوانەی بە پاشگرەکانی /eoir,_oir,_în_/کۆتاییان دێت، هەمیشە نێرن، لەکاتێکدا ئەو ناوانەی بە پاشگرەکانی/eog,_ōg,_laan_/ کۆتاییان دێت هەموکات مێینەن. لە زمانی عەرەبیشدا ئەو ناوانەی بە (ة) تأنیث کۆتاییان هاتووەو وەك نیشانەیەك بۆ مێ دادەنرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ناوە کۆ نێرینەکان، کە بە /_ة/ی (جمع مکسورة) کۆتاییان هاتوە، کە هەندێ جار لەگەڵ ناوی تاکی مێینە تێکەڵ دەکرێت، وەك/استاذ ، اساتذة/ یاخود هەندێ ناوی کەسی تایبەتی (نێر) ،وەك( خلیفة، أسامة،...هتد).بڕوانە(Grammatical gender - Wikipedia. ( ئەوەی جێی گوتنە نواندنی مۆرفۆلۆژیانەی جێندەر لەم ئاستەدا (ا) بۆ دەرخستنی نیشانەکانی ناو توخمێکی فەرهەنگیین، ئەویش بەو پێیەی لە پاری پێشوودا گریمانەی ئەوە کرا، کە کۆی توخمە فەرهەنگییەکان نیشانەی [+/- نێر]یان هەیە، (ب) ئەو جێندەرەی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا دەنوێنرێن، ڕەهەندێکی زایەندیی یان ڕێزمانییان هەیە، بۆ ئەوەش دەبێت مۆرفێمێکی بەندی هەڵگواستن یان ڕێزمانی هەبن تا ئەو دوو ڕەهەندە ڕوون بکاتەوە. ئەویش بەو پێیەی مۆرفۆلۆژیی کەرەستەو پرۆسەیە، کەرەستەکان/ مۆرفێمەکان هەڵگری واتاو نیشانەکانن، پرۆسەکانیش دەیاننوێنن.

## ٣/٢) پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی

### ٣/٢_١) پرۆسەی وشە دروستکردن:

یەکێك لە پرۆسە گرنگ و بەبەرهەمەکانی مۆرفۆلۆژیی، وشەدروستکردنە. مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن، ئەوزانستەیە کە لە چۆنیەتی دروستکردن و پێکهاتنی وشەکان دەکۆڵێتەوە. ((زانست و تیۆری وشە دروستکردن خۆی بە کێشە و پرسیاری شیکردنەوەی وشە ئاوێتەکان، بە دانانیان لە گروپ و خانەی وشە لێکدراوەکان و وشە هەڵگوێزراوەکاندا خەریك دەکات)) (مەحویی،٢٠١٠،٢٣٧).لەم لقەی زانستی زماندا، وشەکان بۆ پێکهێنەرەکانیان/سەربەخۆ و ناسەربەخۆ شیدەکرینەوە، ((لێرەدا لە ڕووی واتاوە لێی ناکۆڵرێتەوە ،بەڵکو کاری پێویست و گرنگ نیشاندانی چۆنیەتی پێکهاتن و دروستبونی وشە و دیاریکدنی مۆرفێمەکانێتی/کەرتەکانییەتی)(ڕەمەزان،٢٠١٥،٢٥). لەڕێگەی زانینی دروستکردنی وشەکان و ڕیزبوونی پێکهاتەکانیانەوە، دەتوانین وشەی نوێ دروستبکەین. ((Ipsen,١٩٩٨-١٩٩٩, ٤٤) پێیوایە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ،دەبێت پێڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژیەکانی ئەو زمانە دیاریکراوە بدۆزینەوە،کە کاری تیدا دەکەین)(ئەحمەد،٢٠١٢، ٣٣). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، دەبێت شارەزایی پرۆسەی لکاندن و لەیەکدانی زمانەکە بین، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئەو یەکە زمانیانەی/مۆرفێمانەی، کە لە وشەیەکدا شیدەکرینەوە، لە دەربڕاوی تر یان لە وشەی تر بە هەمان واتا بە کارهاتبن. سەرەڕای ئەوە دەبێت پرۆسە وشەدروستکردنەکە بۆ واتایەکی نوێ بێت، بەرهەمنەهێنانی واتای نوێ لە دروستکراوێکی مۆرفۆلۆژییدا، وادەکات وا پرۆسەی دروستبوونەکە هەڵبەوشێتەوە. ڕوانگەی واتایی و دروستبووی نوێ بۆ جێندەر تاقیدەکرێنەوە، چونکە مەبەستی گۆڕانە واتایی و ناوڕۆکییەکەی وشەکە بۆ توێژینەوەکە جێندەرە.

#### ٣/٢_١_١) هەڵگواستن :

یەکێك لە پرۆسەکانی وشەدروستکردن< هەڵگواستنە> کردەیەکە؛ وشەی هەڵگوێزراو دەرکردەکەیەتی، بەیارمەتی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن، کە چەند مۆرفێمێکی (بەند)ن، لە توانایاندا هەیە واتای وشەکان بگۆرن یان وشەی نوێ بەرهەم بێنن، ئەم مۆرفیمانە بۆ (پێشگر prefixes، ناوگر infix، پاشگرsuffixes)پۆلێن دەکرێت.(( هەڵگواستن بەرهەمەکەی وشەیەکی ئاڵۆزەو لاگرەکەی لە جۆری مۆفێمی هەڵگواستنەو لە توانایدا هەیە پۆلە ڕەگەزی وشە بگۆڕیت، بەڵام دەگونجێت وشە نوێیەکە لە هەمان پۆلە ڕەگەزدا بمێنێتەوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٢،٣٧). کەواتە وشەی هەڵگوێزراو لە مۆرفێمێکی سەربەخۆو لاگرێك پێك دێت کەلە زمانی کوردیدا بە زۆری بە یارمەتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێشگر و پاشگر یا خود پێشگرو پاشگر پێکەوە بۆ هەڵگواستنی وشەی نوێ بەکاردەهێنرێت. مۆرفێمەکانی هەڵگواستن لە زمانی کوردیدا سەری وشە ئاڵۆزکە پێکدەهێنن تایبەتمەندیەکانی خۆیان دەدەن بە وشەکە .((مۆرفێمە هەڵگوێزەرەکان یەکێك لە ئەدگارەگرنگەکانیان ئەوەیە کە دەشێت پۆلە رەگەزی بناغەکانیان بگۆڕن،بە واتا >>ناو<< دەتوانرێت لە >>کردار<< موە و >>ئاوەڵناو<<لە>>ناو<<موە و>>ناو<<لە>>ئاوەڵناو<<موە هەڵبگوێزرێت.)) (مەحوی،٢٠١٠،١٨٣). زاڵیتیی و حوکمی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن و هەژمارکردنیان بە سەر وشەکە بەواتای ئەوە دێت، کە لە ڕوانگەی دروستەو واتاشەوە پرۆژە نوێکە بەرهەم دەهێنێت، چونکە لە ڕووی دروستەوە فۆرمی وشەکە دەکاتە هەڵگوێزراو، لە ڕووی واتاشەوە واتای مۆرفێمەکە سەردەکەوێت. نرخی ئاستی نواندنی ئەو مۆرفیمە هەڵگواستنانە X-١ ن، کە بە تەواوی لە مۆرفۆلۆژیدا دەسەڵاتیان هەیەو لە مۆرفۆلۆژییدا وشە دروستدەکەن، بڕوانە نواندنە فەرهەنگی و دروستەییەکەی لە (١) و هێڵکاریی (٦)دا:

وەك ( سیاوی: رەشیی، پرتەقاڵی، کوردستان، سۆزایی:سەوزایی $X^0 \longrightarrow Y + X^{-1}$ .1) أ

وەك (هورئامای: هەڵهاتن، هورشیەیی:هەڵچوون، ئەنەئاوردەی :داهێنان، چەنەبڕیەی: لێبڕین $X^0 \longrightarrow X^{-1}+Y$ .ب

**هێڵکاریی (6)**




.واتای ناو دروستەی مۆرفۆلۆژییە بڕوانە نموونەکانی (٤) واتای ناو دروستەی مۆرفۆلۆژییە

هێڵکاریی (٦)دا ئەوە دەردەبڕدرێت، دەسەڵات و جۆری توخمی (X-١) ەکان سەردەکەونە سەرەوەی پرۆژەکان، بەڵام ئاستی خوارەوە، کە ئاستی فەرهەنگییە، بە ناواخنە فەرهەنگیەکەیانەوە لێکدەدرێنەوە، چونکە جارێ فەرهەنگیین و لەسەرەوە دەبنە مۆرفۆلۆژیی. بۆیە دەبێت: (ا) واتای سەرەوە/ واتا مۆرفۆلۆژییەکەی لە واتای ئاستە فەرهەنگییەکەی جیا بێت، ئەگەر نا دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکە هیچ سودێکی فەرهەنگیی نابێت و کەلەبەری فەرهەنگیی پڕناکاتەوە، (ب) پەیوەست بە جێندەرەوە مۆرفێمێکی هەڵگواستن هەبێت کە کەموکوڕیی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکە یان ڕاسترە بگوترێت، مارکە لە (Y)ەکە بدات.

پەیوەست بەوەوە نموونەو بەڵگەکانی شێوەزارکە ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە لە فەرهەنگدا مۆرفیمی هەڵگواستنی (X-١) بە نیشانەی [+/-نێرە]ەوە نیە تا وشەی هەڵگوێزراوی زایەندیی/ جێندەریی بەرهەمبهێنێت. بەوەش شێوەزارەکە نواندنی جێندەری/زایەندیی بە هەڵگواستن نییەو ئەم پرۆسەیە کەلێن و کەموکوڕیی فەرهەنگیی پڕناکاتەوە.

٣/٢_٢_١) پرۆسەی لێکدان:

یەکێکتر لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی دروستکردن، پرۆسەی <لەیەکدان>ە؛ بریتییە لە خستنەتەکیەکی چەند مۆرفێمێکی سەربەخۆ یان چەند زنجیرە مۆرفێمێکی سەربەخۆ، بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بەبێ یارمەتی یان بە هۆی مۆرفێمێکی لێکدەرەوە. ((لەیەکدان) لە دوو رەگ یان دوو بناغە کەمتر دروست نابێت. ئەم پرۆسەیە یاخود ڕێگەیە(بەبەرهەمە)، لە زۆربەی زمانە جیهانیەکاندا وەك( ئینگلیزی ، ئەڵمانی.)) هەیە(عبدوالرحیم، ٢٠١٤، ٧٨). یاخود (پرۆسەی لێکدان بریتیە لە یەکگرتنی وشەیەك یان دووان ،کە وشەیەکی نوێ پێکدەهێنن. زۆر جاریش لێکدانەکەیان ئەوەندە بەهێزە، کە ناتوانرێت لێکجیابکرێنەوە، هەندێک جاریش لێکدانەکەیان لاوازە بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.)(دزەیی، ٢٠١٣، ٩٠). دەرکردەی کردەی وشە لەیەکدان بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکانە لە زماندا، کە کردەیەکی بەبەرهەمە و ئاخێوەر بەشێوەیەکی بێسنوور دەتوانێت وشەی لێکدراوی نوێ بەرهەمبێنێت. پرۆسەی لێکدان؛ بەپێی مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێنان، لە (X , Y) بەرهەمدێت، کە ئەمانە هەر یەکەیان لە قۆناغێکدا خاوەنی ڕێزبوونی خۆیانن. لایەنە دروستەیەکەی ڕیزبوونی (X , Y) ئەوەمان پێدەڵێت، کە (X)ەکان جڵەوی دروستەیی و جڵەوی واتاییان بەدەستەوەیە . واتە وەک چۆن لە هەڵگواستندا (X-١)ەکان هێزی دروستەیی و واتایی وشەکە بوون، لێکدانیش هەر ئاوا لەلایەن توخمە پرۆژەسازدەرەکەوە(X٠) وشە لێکدراوی لێبەرهەمدێت، (بڕوانە نموونەی (٥)و هێڵکاریی (٧)) بۆ تەرزی لێکدان، بە پێی پارامێتەری جیاوازی سەرەکە، کە بریتین لە: (X + Y) و (Y + X).

٤) ا. باڵابەرز، چەمکەوە:چاوشیین، دەرەتاریك : چەمی تاریك،.....

ب. سوورەچنار، شوخەژەنی، سۆزەگیواو:سەوزەگیا،....

**هێڵکاریی (٧)**




مۆدێلی لەو چەشنەی لێکدان بۆ نیشانەکردنی جێندەر لە شێوەزارەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر دەگمەن و تاکوتەرایە، چونکە داتاو نموونەی وەها لەبەردەستانین، کە پرۆسەی لێکدانەکە بۆ نیشانەکردنی جێندەریی/زایەندیی بن، بۆ ئەوەش پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن پەیکاڵی ئارگومێنت دروستکردنەکەی فەرهەنگە، نەک خۆی دروستکەری جێندەرکە بێت، بۆیە لە مۆرفۆلۆژیی دروستکردندا (ا) فۆرمە نوێکە بۆ نیشانکردنە بۆ چەمکی تر، بڕوانە(ا)، (ب) وشەدروستکردنەکە بۆ واتای نوێیە نەک نیشانەکردن(بڕوانە نموونەکانی (٤))). لەلایەکی ترەوە پۆلە ڕەگەزی <هەر: کەر> لە فەرهەنگدایەو ئارگومێنتێکە بۆ جۆرێک لە ئاژەڵ دارێژراوە، کە خاوەنی نیشانەی گشتیی زایەندە، واتە ئەم چەپکە نیشانانە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بە شێوەی[±نێر]، لە مۆرفۆلۆژییدا بە پێی جێندەر بۆ یەکێك لە نیشانەکان فۆرمی بۆ دارێژراوە. هەریەك لە وشەکانی< نێر> لە / نیرەهەر/ و <ما> لە / ماهەر/ دا، بۆ نیشانەکردنی یەکێک لە نیشانەکانی [±نێر]ن، بەڵام پرۆسەکە لەو ڕووەوە ناچالاکە، کە تەنها لەگەڵ وشەی /هەر/دا هاتوون، لەو ڕوانگەیەوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە

وشەکانی /نیرەهەر و ماهەر/ ڕەگێکی ئێرانیان هەیە و پێشتر بە ئامادەکراوی هاتبێتنە زمانی کوردییەوە، چونکە دروستەو پرۆسەکە، تاك و تەرایە، جیاکردنەوەیەکی جێندەرییە، بە مۆرفۆلۆژی دروستکردن.(بڕوانە (٥) و (٦)!)

٥) [± نێر] هەر

[+نێر] نیرەهەر [- نێر] ماهەر

٦) ا. لالوە

/لالوە/ + / ژەنی/ ⟵ لالوەژەنی (خاڵۆژن)

ب. ماموە

/مامۆە/+ /ژەنی/ ⟵ مامۆەژەنی (مامۆژن)

لە (٧)دا هەریەك لە /لالوە، مامۆە، ژەن/ وشەی سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەڵگری نیشانەی زایەندی خۆیانن و بە جۆرێك، پۆلە ڕەگەزەکانی / لالوە ، مامۆە/ نیشانەی [ +نێر] و /ژەن/ نیشانەی[ -نێر] ی هەیە لە فەرهەنگدا، بەڵام لە کاتی لێکداندا، لە دروستەکەدا جێندەری ڕێزمانی بۆ[ -نێر] زاڵدەبێت و لە سەرەوەی پرۆژەکەدا نیشانەی زایەندیی مێ بەرهەمدێتەوە، بەوەش نیشانەکردن لە دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکەدا بۆ خزمایەتییە نەک زایەند، چونکە لە ئاستە فەرهانگییەکەدا <ژەن> خۆی بە فۆرمەکەی بۆ زایەند نیشانەکراوە(بڕوانە هێڵکارییەکانی(٨)).

**هێڵکاری(٨)**

ا. [- نێر] لالوەژەن ⟵ مۆرفۆلۆژیی_نیشانەکردن بۆ خزمایەتی ⟶ ب.[- نێر] مامۆەژەن

[+نێر] لالوە [-نێر] ژەن [+نێر] مامۆە [-نێر] ژەن

## ٢/٣_٢) شکانەوی مۆرفۆسینتاکسی:

مۆرفۆسینتاکس پێرەوێکی نێو مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە، کە لە ئەنجامی تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە درووستدەبێت. واتە ئەو پرۆسانەی زمان دەگرێتەوە، کە(( نواندنی تایبەتیتی سینتاکسی، لە ڕێی ئەو کەرستەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننەکایەوە، کە ئاکاری سینتاکسییانەیان هەیە. واتە لە ڕێگەی بوونی مۆرفیمی بەندی وەکو(Flexives)، یان کلیتیك))(محمد،قادر، ٢٠١٠، ١٢٥). کەرەستەی ئەم ئاستە تێکچڕژاوەش، مۆرفیمە. بەمەش(( مۆرفیم بچوکترین یەکەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە، لە ڕووی واتا یان ئەرکەوە- ئەرکی داڕشتن یان ڕێزمانی))( قادر،٢٠٠٣ ، ١٤). لەم پارەدا مۆرفۆسینتاکس، وەك پێرەوێکی شکانەوە دەخرێتە ڕوو، نەک نواندنی ڕستەیەکی سینتاکسی بە مۆرفیم. واتا لێرەدا مۆرفۆسینتاکس وەک دەوروبەری مۆرفۆلۆژی پۆلەڕەگەزەکانی ناوو ئاوەڵناوو کردار و هەروەها شکانەوەو گەردانکردنی (وشە)ش کاری لەسەردەکرێت. (( هەموو فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسیان لە فرێزدا هەیە، ئەمەش مۆرفیمەکانی شکانەوە لە زماندا دەگرێتەوە))(عەلی،٢٠١٥، ٩١). واتە (ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژیانەی، کە ئەرکی سینتاکسیان هەیە، لە بارەکانی وەك ( ناسراویکردن. ژمارە ،تاك و کۆ، ڕەگەز)، ئەم فۆرمانەش مۆرفیمی بەندن، واتە وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆجی ئازاد، نە واتا دەبەخشن نەبەکاردێن)(قادر ،٢٠٠٣،١٨) و بۆ پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی فەرهەنگ و سینتاکس پەیوەست بە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە بڕوانە خشتەی(١).

**خشتەی(١)**

| مۆرفۆلۆژی | مۆرفۆسینتاکس | سینتاکس |
|---|---|---|

لە خشتەکەی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکی نێوەندیی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە. لە ڕوانگەی ئەوەی بەشداربووی پرۆسەکە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوەی مۆرفیمە بەشداربووەکە مۆرفیمی بەندی سینتاکسییە، دەچێتە سنوری سینتاکسیشەوە. بیرۆکەی مۆرفۆسینتاکسی ئاراستەیەکە بۆ تێکەڵکردنی هەردوو پێکهاتەکە، بەڵام بیرۆکەی ناساندنی پرۆسەکە وەك پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دەبێت، شکانەوەو گەردانکردن بێت. واتە لقێکی دروستکردنی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان بێت، واتە چۆن مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن هەیە، دەبێت مۆرفۆلۆژی شکانەوەش هەبێت.

## ٢/٣_٢_٢) پرۆسەی شکانەوە inflection)):

(شکانەوە(inflection) گۆڕینی فۆرمی وشە فەرهەنگییەکانە بۆ بەرجەستەکردنی واتای ڕێزمانیی) (Nordquis,2020). شکانەوەکە بۆ دەوروبەرە مۆرفۆلۆژی پۆلەڕەگەزەکانە، واتا ئەو مۆرفیمە بەندانەی یاسابەندانە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو و کردار)، بەوەش پرۆسەکە لە چێوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت(بڕوانە بەشی سێ کە ڕوانگەی سینتاکسیی بەسەر پێواژۆکەدا زاڵدەکرێت). مامەڵەکردنی مۆرفۆلۆژیانە لەگەڵ مۆرفیمەکانی بەندا وادەکات، کە مۆرفیمەکانی شکانەوە بە توخمی پرۆژەسازدەر هەژمار ناکرێن، بەوەش وەک لە پاری مۆرفۆلۆژی وشە دروستکردندا ئاماژەی بۆکرا، توخمی هەڵگواستنی وشەی نوێ ئاستی نواندنی (X-1)ی هەیە، بەڵام توخمی لێدانی وشەی نوێ (X)ن، بەڵام ئەو توخمانەی لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە تەنها بۆ شکاندنەوەن، هیچکام لەو دوو ئاستی نواندنەیان نییە، چونکە بەپێی ڕوانگەی مۆرفۆلۆژی توخمەکانی شکاندنەوە تەنها بۆ شکاندنەوەی ڕێزمانیی و سینتاکسیانەی توخمە فەرهەنگییەکانن. شکانەوە وەك یەکێك لە پرۆسە گرنگەکانی مۆرفۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانی لە شێوەزارەکەدا. پەیوەست بە دابەشکردنەی بۆ بۆ چەشن و جۆری مۆرفیمەکان کراوە . لە دابەشکردنی مۆرفیمەکانی شکانەوە/مۆرفیمەبەندە ڕێزمانییەکاندا، لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شێوەزارەکەدا لەبەر زاڵێتیی سیستەمی جێندەر تێیدا کۆمەڵێک مۆرفیمی شکانەوەی جێندەریی هەیە، کە لەم پێکهاتەیەدا بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ناوو ئاوەڵناوەکان.

شکانەوە بە پرۆسەیەکی بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی دادەنرێت (( لە مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێناندا شکانەوە بریتییە، لە پێواژیەکی دارشتنی فۆرمی وشە، بۆ ئەوەی کاتیگۆرییە ڕێزمانییە جۆراو جۆرەکانی وەك دۆخی ڕێزمانی، ڕوکار ، ڕێژە، کەس، ژمارە، توخم، دیاریکردن و دەرخستن، بکەر دیاری و نادیاری نیشانبدات))(عەزیز، ٢٠٢٠، ٧). پاشگرەکان ڕۆڵی کارا دەبینن لە پرۆسەکەدا. زۆربەی جار شکانەوە بە هۆی پاشگرێکەوە دەبێت بۆ سەر ڕەگی وشەکە، کە شێوەی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕن، بەڵام پۆلە ڕەگەزەکەی ناگۆڕن، واتە مۆرفیمەکانی شکانەوە (( لە ئەنجامی پێویستیەکی سینتاکسیەوە دێنە ئاراوە، نەواتا ئەگۆڕن و نەبەشی ئاخاوتن، تەنها کەرەستە دەگۆڕن)) (فتاح ، ١٩٨٩، ٤٦). شکاندنەوەی (ناو و ئاوەڵناو کردار) بە هۆی زیادکردنی چەند نیشانەیەك بوپۆلە ڕەگەزەکان، کە (( یاسابەندانە و هەر وشەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی لە بەرجەستەبوونی قەدە_وشەکەیدا دەکرێن/دەبن بە نیشانە(توخمی نێرو مێ ،دۆخی ڕیزمانی،ژمارە ، کەس). نوێنەری ئەو کاتەگۆریانەی شکاندنەوە لە ڕێی نیشانەوە/بە نیشانە دەبێت))( مەحویی،٢٠١٠، ٢٤٢). مۆرفیمەکانی شکاندنەوە لەگەڵ مۆرفیمێکی سەربەخۆدا فۆرمێکی شکاوە دروست دەکەن، کە (کات و توخم و ژمارە ودۆخ) دیاریدەکەن. ئەوەی لەم باسەدا مەبەستە، دیاریکردنی (جێندەری ڕێزمانی: Grammatical Gender)، بە هۆی مۆرفیمەکانی شکانەوە ، کە بە شکانەوەی فۆرمەکە جیاکاری جێندەری دروستدەبێت، لە شێوەزارەکەدا بە هۆی چەند نیشانەیەکی تایبەتی شکانەووە جێندەری ڕێزمانی (نێرو مێ) بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی ( تاك )، جا وشەکە (ناو،ئاوەڵناو ،جێناو ،کردار،...هتد) بێت نیشانە دەکرێت.بڕوانە(بێدار،٢٠١٢، ٤٤-٤٥). لە ڕوانگەیەکی ترەوە، شکانەوە بریتییە: (لەو گۆڕانانەی کە بۆ مارکە لێدان بە سەر فۆرمی وشەکاندا دێت و وەك ئەو جیاکارییەی لە حاڵەتی دۆخ و توخم وژمارە و تاف و کەس و ڕێژە و ڕووکار و بەبرشتی و ...دەردەکەون)(حوسێن،٢٠١١، ١٧ ). پێناسەکە بۆ توێژینەوەکە جێی بایەخ دەبێت، ئەویش بەوپێیەی شکانەوەی بە مارکە لێدانی وشەفەرهەنگییەکانەوە بەستووەتەوە، ئەوەش لەگەڵ گریمانەی لێکۆڵینەوەکەدا دەگونجێت، کە پێی وایە توخمە فەرهەنگییەکان لە ناواخنیاندا نیشانەی جێندەریی [+/- نێر]یان هەیە، کەواتە ڕێگایەکی مارکەلێدان/نیشانەکردنی ئەو ناواخنە فەرهەنگییە بەهۆی مۆرفیمەبەندەکان/ مۆرفیمەکانی شکانەوە دەبێت. هەنگاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەست بەو پێناسەیەوە دەنرێت، لەبەرئەوەی ڕوانگەی کارەکە مارکەلێدانی جێندەری ڕێزمانییە، بەوەش ئەم قۆناغەی نواندنی جێندەری دەبێتە تەواوکەر پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی کە وەک ئاشکرا کرا تەنها بۆ زایەندو بنەمایەکی بایۆلۆژیی هەیە. واتا لە پێکهاتەی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا زایەند دەبێتە ڕاڤەو وەچەی شاوشەی جێندەر، لێرەشەوە وچەیەکی تری جێندەرکە، جێندەری ڕێزمانیی دەبێت و بۆ مارکەلێدانی نیشانە ناوکییەکانە.

## ٣/٢_٢_٢_١) شکانەوەی مۆرفۆسینتاکس بۆ جێندەر

مۆرفیمە سینتاکسیەکان لە کۆمەڵێك کەرەستە پێکدێن، کە بە تەنها واتایان نیە و نابنە هۆی گۆڕینی واتاو پۆلە ڕەگەزەکان، بەڵکو وەك کەرەستەیەکی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی واتای ڕێزمانیی بەشداری لە پێواژۆی بەڕێزمانبوون(Grammaticalization)دا دەکەن، ئەوانیش ئەو مۆرفیمە سینتاکسیانەن، کە بۆ جیاکردنەوەی توخمی ڕێزمانی لەگەڵ پۆلەڕەگەزەکان( ناو ، ئاوەڵناو) دێن و بە شێوەی فۆرمی (ناسراویی ، نەناسراویی، یان مۆرفیمی ناساندنی جێندەریی، جێناوی لکاو، پاشگرەکانی پلەی باڵاو بەراورد....)

## ٣/٢_٢_٢_١_١)مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی لە شکانەوەی ناودا:

### ا- مۆرفێمەکانی ناسراویی:

مۆرفیی (ناسراویی) یەکێکە لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی دەوروبەری پۆلەڕەگەزی ناو. لە زۆربەی زمانەکاندا مۆرفیمەکە نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی]تێدا هەڵگیراوە. ئەوە سەرەرای ئەوەی هەندێک زمانی دیکەی وەک (فەرەنسیی و ئەڵمانی) مۆرفیمی ناسراویی بۆ نێرو مێ فۆرمی تایبەت بە خۆی هەیە. لە زمانی ئەڵمانییدا مۆرفیمی ڕێزمانی ناسراوی جێندەرو ژمارەوە دۆخی ناوەکە دەردەخەن. مۆرفیمەکانی / der/ بۆتاکی نێر و بۆ مێ/die/ و بۆ بێلایەن /das/ و /die/بۆکۆی گشتیان.بۆ نمونە:/der mann: پیاوەکە/،/:die frau ژنەکە/،/:das kind منالەکە/بڕوانە:( Richard ,١ ،٢٠٢٢). لە فەرەنسیشدا مۆرفیمی ناسراوی/le/ بۆتاکی نێرو و/la/ بۆ مێ ،/les/ بۆکۆی هەردوکیان. بۆ نمونە:/:Le garcon کوڕەکە/،/ La fille: کچەکە/،/:Les garçons, les filles/ کچەکان ،کوڕەکان/. بڕوانە( .hrenglish, ٢٠٢٢, ٢بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە لە زمانی فەرەنسیی و ئەڵمانیدا ناسراویی وشەیە نەک مۆرفیمێکی بەند بێت، بۆیە فۆرمەکەی سەربەخۆیە، کەچی لە زمانی کوردییدا ناسراویی بە مۆرفیمەو لکاوە.( زمانی کوردیی ناوەڕاستیش هەمان نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی]ی هەیە، ئەویش بەو پێیەی کوردی ناوەڕاست نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیانەی بۆ جێندەر نییە(مەعرووف،٢٠٢٠، ١٤٤).بەڵام شێوەزاری هەورامیی پەیوەست بەو مۆرفیمەوە جیاکاریی دەکات و جێندەری ڕێزمانیی ناوەکە نیشانەدەکات، (بە جۆرێك مۆرفیمی /_ەکە/، بۆ ناوی[+ نێر[، مۆرفیمی /_ەکیە/، بۆ ناوی ]- نێر[ و /ەکیە/یش بۆ کۆی نێرو مێ دەنوێنرێن)(قادر،٢٠٠٢، ٦٣).(بڕوانە نموونەکانی (٧)):

٧) ا. / کوڕ/ + /_ەکە/ ← کورەکە (کوڕەکە)

ب./کناچە/ + /_ەکیە/ ← کناچەکێ (کچەکە)

پ. /مامۆسا/ + /- ەکە/ یان / - ەکیە / مامۆساکە ، مامۆساکیە

ت. /تەوەن/ + / - ەکیە / ← تەوەنەکیە (بەردەکە)

نموونەکانی (٧) ئەوە نیشان دەدەن، کە مۆرفیمەکانی ناسراویی لە نێوان لیڤڵی/ فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییدا خاوەنی دوو نواندنی جێندەرییەن، <کوڕ ، کناچە> هەر لە بیچمەکەیانەوە فۆرمدارێژراوێکی زایەندیین، بەڵام پەیوەست بە <مامۆسا> و <تەوەن> جێندەرەکە ڕێزمانییە. ئەگەرچیی بۆ ئارگومێنتی <مامۆسا>، کە نیشانەی [+مرۆڤ]ی هەیە، پێشبینیلێکراوە، بەڵام لە هیچ کام لە نیشانەکانی [+/- نێر] لە

فۆرمەکانیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بڕوانە هێڵکارییەکانی (٩)و(١٠).




## ب- مۆرفێمەکانی نەناسراوی:

مۆرفێمی نەناسراویی بەشێکە لە پۆلەڕەگەزی ناو، هەروەها خاوەنی نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیارینەکراویی]، بەوەش بە یەک نیشانە خۆی لە مۆرفێمی ناسراویی جیادەکاتەوە. لە شێوەزارەکەدا (مۆرفیمی /_ یۆ/ بۆ ناوی ]+ نێر[ و /_یۆوە / بۆ ناوی ]- نێر[ ) نیشانەی نەناسراویین (بێدار، ٢٠١٢، ٦٧). وەک دەبینرێت، هەرچەندە مۆرفێمەکە زانیاریی جێندەریی ڕێزمانیی بە ناوەکە دەدات، کەچی مۆرفێمەکە خۆی بۆ نادیاریی و دەرنەخستنە، بەڵام لەبەرئەوەی نیشانەکردنی جێندەریی ناساندن و ئاشکراکردنی تێدایەو لە پێڕەوی شێوەزارەکەش جێندەرو نیشانەکردنی جێندەریی تێدا زاڵە، بۆیە نیشانەی [+/- نێر]لە سەرەوەی نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیارینەکراویی]ەوەیە، چونکە جێندەرە ڕێزمانییەکە دیارییکراوی دەکات. سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ڕوونکردنەوەکە بۆ شکانەوەی ناوەکەیە، واتا لەسەرەوەی هەرەمەکەیە، نەک ئاستە فەرهەنگییەکە، چونکە ئەو وشە فەرهەنگیانەی لە لیڤڵ/ئاستی فەرهەنگییدا زایاندیان دیاری کراوە، لەو ئاستەدا نیشانەکراون، بڕوانە نموونەی(٨) هێڵکاریی (١١)و (١٢).

| | | |
|---|---|---|
| ٨) ا. /بەران/ + /یو/ | بەرانیو | (بەرانێك) |
| ب. /جانتا/ +/یو/ | جانتێو | (جانتایەك) |
| پ. /کتە/ + /یوە/ | کتیوە | (پشیلەیەك) |
| ت. /هارگا/ + /یوە/ | هارگیوە | (ئاگردانێك) |




سەرەڕای ئەو مۆرفێمانەی بۆ چەمکی ناسراوی باسیان لێوەکرا، لەبەر ئەوەی شێوەزارەکە پێڕەوی جێندەریی تێدا گشتگیرو پڕاوپڕە، بۆیە مۆرفێمی تایبەتی بەو پێڕەوە هەیە، بە جۆرێک مۆرفێمەکە هەمان نیشانەکانی [ +/- نێر +ناسراویی،+ ژمارە، + دیارییکراویی]یشی هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، کە ڕیزبەندیی نیشانەکردنەکە لە پێشدا بۆ جێندەرە پاشان نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی].
مۆرفێمەکانی ناسراویی جێندەریی لە شێوەزارەکەدا بریتین لە /ø/ بە نیشانەی [+نێر]ەوە (واتا بۆ نێر ئارتیکڵێکی بێ بیچمە(Zero article)) ە/ بە نیشانەی [- نێر]ەوە) (بڕوانە نموونەکانی (٩ ، ١٠)).

٩) ا. گاو(فەرهەنگی)
[± نێر]
گاو(ø) [+ نێر] — گاوە [- نێر]

ب. هیتیار(فەرهەنگی)
[± نێر]
هیتیار(ø) [+ نێر] — هیتیارە [- نێر]

١٠) ا. [± نێر] ماموسا(فەرهەنگیی)
ماموسا(ø) [+ نێر] — ماموسێ [- نێر]

ب. [± نێر]نانەوا ( فەرهەنگیی)
نانەوا(ø) [+ نێر] — نانەوێ [- نێر]

١١) ا. مامۆسا + / _ە/ ⟵ مامۆسێ
ب. نانەوا + /_یە/ ⟵ نانەوێ

لە نمونەکانی (١١) بە پێی یاسای مۆرفۆفۆنۆلۆژیی /_ا/ و //-یە/ یەکدەگرن و دەگۆڕین بۆ مۆرفیمی /_ێ/، بەڵام ئەو نیشانانە بۆ (تاکن) و چونکە لە شێوەزاری هەرامییدا نیشانەی جێندەری ڕێزمانی لە حالەتی(کۆ)دا بۆ (نێر و مێ)و جیاناکرێتەوە و هەردوو ڕەگەزەکە مۆرفیمی کۆ (یە ) وەردەگرن .بڕوانە(١٢)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٢) ا. ژنی+ /_یە / ⟵ ژنیە (ژنان)

ب. پیا + /_یە / ⟵ پیایە (پیاوان)

## ٣/٢_٢_٢_١_٢)شکانەوەی مۆرفۆلۆژیانەی ئاوەڵناو بۆ جێندەر:

ئاوەڵناوەكان پۆلە ڕەگەزێكی فەرهەنگین و قۆناغی فەرهەنگیان سادەیە و جلەوی واتایی و سینتاكسی خۆیانیان هەیە، لە پێكهاتەی سینتاكسدا بەرهەمهێنەری فرێزی ئاوەڵناوین، واتا ئەو زانیارییە واتایی و سینتاكسییەكانیان لە فرێزدا جێبەجێ دەبێت. بە پێی زانیارییە سینتاكسییەكان ئاوەڵناو بەتەنها نایەت، واتە ئەگەرچیی لە فەرهەنگدا وەک (A٠) هەڵگیراون، بەڵام لە سینتاكسدا بۆ (X, Y) دەگۆڕێن. سەرەڕای ئەوە ئاوەڵناوەكان لە فەرهەنگەوە لە ناواخنیاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە هەیە، دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی سیمایەكی جیاكەرەوەی ئەوانە، واتا وەک هەر پۆلەڕەگەزێكی تری فەرهەنگیی شكانەوەی مۆرفۆلۆژیی تایبەت بە ئاوەڵناو هەن. مۆرفێمەكانی نواندنی جێندەر یەكێكن لەو مۆرفێمانەی دەوروبەری ئاوەڵناو. بەوەش ئاوەڵناو بە سێ ڕێگا مامەڵە لەگەڵ جێندەر دەكات، یان بە شكانەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ جێندەر، یان بە ڕێككەوتنی سینتاكسیی لە چوارچێوەی فرێزدا، یان ناوەخنی واتایی جێندەریی خۆی هەیە(بڕوانە بەشی سێیەم). شێوەزارەكە لە هەرسێ ڕوو و گریمانەكەوە مەمەڵە لەگەڵ ئاوەڵناو دەكات. بۆ ئەم پارو بەشە شكانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناوو دەوروبەری مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو شیدەكرێتەوە. دەبێت ئەوە بزانرێت، كە ئاوەڵناو لە گشت زمانەكاندا(( لە ڕووی واتاو سینتاكسیشەوە، زگماكیانە سروشت و كەسێتی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو پەیوەستە بە پەسنكردندنی ناوەوە)(سەعید، ٢٠١٩، ٨٧). واتە گشت زانیارییەكانی لە ڕێگەی ناوێك/تەواوكەرێكەوە بەرجەستە دەكرێت، لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، كە ئاوەڵناو، لە فەرهەنگدا، خاوەنی نیشانەی جێندەری نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی، لە لێكۆڵینەوەكاندا، ئاوەڵناو لە فەرهەنگدا ئاماژە بە تاكی نێر كراوە ((هەموو ئاوەڵناوەكان لە بنەڕەتدا ، وەك كەتیگۆرییەكی فەرهەنگی ، تاكی نێر نیشان دەدەن. كاتێك دێنە ناو پێكهاتەی سینتاكسەوە_ لە دروستەی فرێزدا_ نیشانەی توخم وەردەگرن))(فتاح،٢٠٠٦، ٦٢).ئەم بۆچوونەش،لەگەڵ بەڵگەو بۆچوون و نمونە شیكراوەكانی ئەم لیكۆڵینەوەیەدا، پێچەوانەیە. ئەویش بەو پێیەی ئاوەڵناوەكان ئەگەرچیی مۆرفێمی جێندەرەكەیان لە ناوەوە وەردەگرن، بەڵام دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەكە هی خودی ئاوەڵناوەكەیە. هەروەهادەبێت ئەوە بزانرێت، بە پێی تیۆری فەرهەنگیی و بەپێی تیۆری (X) (X-Bar)ەكان تەواوكەرەكان/(Y)ەكان هەڵدەبژێرن، نەک بە پێچەوانەوە، بۆیە لەبەرئەوەی لە مۆدێلی ڕێزمانیی كوردییدا پۆلەڕەگەزەكان لە ڕیزبوونەكاندا (فەرهەنگ-مۆرفۆلۆژیی-سینتاكسە (بڕوانە خشتەی (٢))، كەواتە ئاوەڵناوە شكاوەكە تەواوكەرەكە/فرێزەناوییەكە هەڵدەبژێرێت. دەروبەری مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو لە شێوەزارەكەدا بەو جۆرەیە كە: ئاوەڵناوی فەرهەنگیی لە ناواخنیدا نیشانەكانی [+/- نێر]هەیە.بەڵام لە مۆرفۆلۆژییدا ئاوەڵناوەكان بۆ تاكی مێ، نیشانەی (- ە) وەردەگرن، بەجۆرێک بە هۆی گۆڕانە مۆرفۆنۆلۆژییەكانەوە: ئەگەر ئاوەڵناوەكە(ا) بە نەبزوێن كۆتایی هاتبێت. وەك: درێژ، ژیر،زیرەك،سەربەس، نەفام،... (ب) بە بزوێنی (ی) كۆتایی هاتبێت. وەك: هۆرامی، زمسانی، تەختانی،...) بڕوانە نموونەو هێڵكارییەكانی (١) و(٢). بۆ تاكی نێریش مۆرفێمی (∅)، بڕوانە هەمان نموونەو هێڵكارییەكانی (١٣)و (١٤).

**خشتەی(٢)**

| | |
|---|---|
| فەرهەنگ | (A٠) |
| مۆرفۆلۆژیی | (A)ی شكاوە |
| سینتاكس | (A-) فرێزی ئاوەڵناویی |

١٣) ا. [+نێر] ژیر ⟵ ژیر(∅) [+ نێر] / ژیرە [- نێر]

ب. [+ نێر] زیرەك ⟵ زیرەك(∅) [ + نێر] / زیرەكە [- نێر]

پ. كناچیۂ ژیرە    كوڕی ژیر∅
j j    j j

ت. ژەنیۂ زیرەكە    پیای زیرەك∅
j j    j j

١٤) ا. (+نێر) هۆرامی ⟵ هۆرامی(∅) / هۆرامییە

ب. (+نێر) تەختانی ⟵ تەختانی(∅) / تەختانییە

لە نمونەكانی (١٤) هەریەك لە وشەكانی /هۆرامی/،/تەختانی/ بە نەبزوینێك كۆتایی هاتووە، بۆیە كاتێك نیشانەی /_ ە/ ی بۆ زیاد دەكرێت، بە پێی یاسای (VV)، نیمچە بزوێنی (ی) دێتە نێوانیانەوە.

ئاوەڵناوەكان بۆ تاكی (مێ) نیشانەی (- یە) وەردەگرن، ئەگەر: (ا). بە بزوێنی(ە_ (e كۆتایی هاتبێت، ئەوا /_ە/ بە هەمان یاسای (VV*) ، /_ە/ لە ناو دەچێت .بڕوانە(١٥).

١٥) ا. گوڕه + /_یه/ ⟵ گۆڕیه (گەورە)
ب. چەرمە + /_یه/ ⟵ چەرمیە (سپی)

(ب). ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە بزوێنی (ا) کۆتای هاتبێت و ئەوا بە پێی یاسای فۆنۆلۆژیی تایبەت بە شێوەزاری هەورامیی، بزوێنی (ا) لە ناو دەچێت و فۆنیمی (یە)، دەگۆڕێت بۆ (ێ).بڕوانە(١٦)
١٦) ا. زانا + /_ یه/ ⟵ زانێ
ب. ئازا + /_ یه/ ⟵ ئازێ
پەیوەست بە نمونەکانی (١٦_ا،ب) پێویستە ئەوڕوونبکرێتەوە، کە فۆرمەکانی (زانێ،ئازێ) فۆرمێکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییانەیە، لە ئەنجامی چوونە سەریەکی هەردوو بزوێنی(ا،ه) درووستبوە، بەوەش دروستەکە بەم شێوەیە پێشنیازکراوە، بڕوانە(١٧).
١٧) زانا +/_ه/ ⟵ زانێ
کەواتە،/ێ/ ئەلۆمۆرفی / ه/ کەیە، نەك یەك مۆرفیم بێت. بڕوانە :/زیرەك ،زیرەکە/، /دریژ، دریژە/.
لە لایەکی ترەوە مۆرفیمەکانی پلەی باڵاو بەراورد وەك تایبەتمەندییەکی ئاوەڵناو، بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی و شکانەوەی ئاوەڵناوەکان، بەوەش شکانەوەی ئاوەڵناوەکە بە دوو شکانەوەدا دەڕوات، بەڵام لەبەرئەوەی لە شێوەزارەکەدا سیستەم و شکانەوەی جێندەریی زاڵەو حوکم دەکات، بۆیە نیشانەی جێندەرەکە دەچێتە سەر کۆی ئاوەڵناوە باڵاو بەراوردەکە. بڕوانە نموونەکانی (١٨ و ١٩) وهێلکاریی (١٣)، بەوەش هەمان مۆرفیمەکانی جێندەر بۆ ئاوەڵناوی فەرهەنگیی و ئاوەڵناوی شکاوەی پلەی باڵاو بەراوردیشە، چونکە /Ø/ بۆ جێندەری نێر و /_ه/ش بۆ مێیە.
١) پلەی بەراورد :
١٨) ا. [ /زیرەك/ + /_تەر/]+Ø ⟵ زیرەکتەر (زیرەکتر) [+نێر]
ب. کورەکە زیرەکتەر بی جە کناچەکێ. (کورەکە زیرەکتربوو لە کچەکە).
پ. [/زیرەك/ + /_تەر/]+ /_ه/ ⟵ زیرەکتەرە (زیرەکتر) [-نێر]
کناچەکێ زیرەکتەرەبی جە کورەکە. (کچەکە زیرەکتربوو لە کورەکە).
٢) پلەی باڵا :
١٩) ا. [/زیرەك/ + /_تەرین/]+Ø ⟵ زەریفتەرین (زیرەکترین) [+نێر]
ب. پیاکە زیرەکتەرینشا بی. (پیاوەکە زیرەکترینیان بوو).
پ. [/ زەریف/ + /_تەرین/]+/_ه/ ⟵ زەریفتەرینە (جوانترین) [-نێر]
ت. کناچەکێ زەریفتەرینە بی. ( کچەکە جوانترین بوو).

هێڵکاریی(١٣)
ا. زیرەکتەرØ/زیرەکتەرینØ (ئاوەڵناوی شکاوە[ +نێر]) ب. زیرەکتەرە/زیرەکتەرینە ( ئاوەڵناوی شکاوە[ -نێر ] )
زیرەکتەر/زیرەکتەرین Ø زیرەکتەر/زیرەکتەرین ه
ئاوەڵناوی شکاوە بۆ پلەی بەراوردو باڵا ئاوەڵناوی شکاوە بۆ پلەی بەراوردو باڵا

## ٣- مۆرفۆلۆژیی بچوککردنەوە

نیشانەی بچوکردنەوە، وەك یەکێك لە نیشانەکانی شکانەوە لە مۆرفۆلۆژییدا، کە دەکرێت وەك نیشانەیەکی دەستنیشانکردنی جێندەری ڕێزمانی پۆلە ڕەگەزێك دابنرێت. نیشانەکان دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو)، بەجۆرێك کاتێك دەچنە سەر ناوی کەسێك یان گیاندارێك، بۆ مەبەستی دەربڕینی (خۆشەویستی) دێت، بەڵام کاتیك دەچێتە سەر ناویکی (واتایی) بەمەبەستی بچوکردنەوە دێت. لێرەدا دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا بچوکردنەوە مۆرفۆلۆژیی دروستکردنەیان شکانەوەیە؟
١- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر(ناو):(بێدار،١٤٥).
ا- پاشگرەکانی /لە ،ڵە/ بۆڕەگەزی (نێر) و (لی،ڵی) بۆ ڕەگەزی (مێ) ،دەچنە سەر ناو، جا ناوەکە ماددی بێت یان واتایی.(بڕوانە(٢٠)
٢٠) ا. ئازاد + /_ڵە/ ⟵ ئازادڵە (ئازادلە)
ب. /کناچیە/ + /_ڵی/ ⟵ کناچڵی (کچۆڵە)
پ. /تەوەن/ + /_لی/ ⟵ تەوەنلی (بەردی بچوك)
لە نمونەی (٢٠_ا)دا (ئازادڵە) وەك نیشانەیەك بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەکارهاتووە و لێرەدا (ڵە) نیشانەیەکی گەردانکردنە، بەڵام لە (ب)دا، (کناچڵی) وشەیەکی نوێ دروستبووە و پاشگری (_ڵی)ئەرکی وشەدارێژێك دەبینێت. لە (پ)دا (تەوەن) ڕەگەزەکی (مێیە) و نیشانەی/_لی/ بۆ ڕەگەزی (مێ) وەرگرتووە، وشەیەکی نوێ(تەوەنلی) دارشتوە.
ب- پاشگری (_چە) بۆ (نێر) و(چیە ) بۆ مێ، وەك نیشانەیەکی بچوکردنەوە دەچێتە سەر ناو و وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت.
٢١) ا. /باخ/ +/_چە/ ⟵ باخچە
ب. /هەڵو/ +/_چیە/ ⟵ هەڵوچیە (هەڵۆژە)
پ./ڕوە/ +/_چیە/ ⟵ ڕوچی (ڕۆژوو)

ت- پاشگری /_وڵە/ بۆ /نێر/ دەچێتە سەر ناو و ناوێکی دارێژراو دروستدەکات.بڕوانە(٢٢)

٢٢) ا. /جام/ + /_وڵە/ ← جاموڵە (جامی بچوك)

ب. /زەنگ/ +/ وڵە/ ← زەنگوڵە

٢- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناو:

ا- پاشگری/_ جلانە/ بۆ نێرو /_ جلانیە/ بۆ مێ و دەچنە سەر ئاوەڵناو وەك نیشانەیەکی بچووکردنەوە و وشەدارێژ.بڕوانە(٢٣)

٢٣) ا. /گولانە/ + /_جلانە/ ← گولانجلانە (بچکۆلانە) [+ نێر]

ب. /گولانە/ + /_جلانیە/ ← گولانجلیە (بچکۆلانە) [- نێر]

ب- پاشگری/_کولە/ بۆ نێرو /_کولیە ) بۆ مێ دەچێتە سەر ئاوەڵناوو وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێت. بڕوانە(٢٤)

٢٤) ا. /پان/ +/_کولە/ ← پانکولە (پانکۆلە) [+ نێر]

ب. /پان/ + /کولیە/ ← پانکولیە/ (پانکولە) [- نێر]

نمونەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە بچوکردنەوە، هەم مۆرفۆلۆژیی دروستکردنە، هەم شکانەوە. بڕوانە نمونەکانی(٢١) و(٢٠).
لە ئەنجامی خستنەڕوو و شکردنەوەو هەڵسەنگاندنی داتاو زانیارییەکان پەیوەست بە هەردوو پێکهاتەی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی و پرۆسەکانی، ئەوە دەردەکەوێت، کە شکانەوە پرۆسەیەکی پاش فەرهەنگییەو دەچێتە قۆناغی نیشانەکردنی جێندەری ڕێزمانییەوە، ئەویش لەبەرئەوەی نیشانەکردنەکان ئەگەرچی ڕوانگەیەکی زایەندی و دەستپێکێکی زایەندی هەیە، بەڵام لە شکانەوەکەدا ڕێزمان بڕیار لەسەر نیشانەکردنەکان دەدات، واتە لێرەوە دابەشکردنێکی ڕێزمانی دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی توخمێك، کە مەرج نییە، زایەندی بێت، بەڵام زایەند باگراوەندی فەرهەنگی پرۆسەیەکەو نواندنەکەی لە ڕێزماندا دەبێت. لەوەشەوە زیاتر ئەوە دەسەلمێت، کە شێوەزارەکە توخمەکانی/ واتاکۆی توخمەکانی بەسەر] ± نێر[دا دابەشکردووە، چونکە ئەگەر لە قۆناغی فەرهەنگی بە فۆڕم و لە قۆناغی ڕێزمانییدا بە مۆرفۆلۆژیی دروستکردن. نیشانەکردنێك بە فۆرم نەبێت، ئەوا شێوەزارەکە بە مۆرفێمەکانی گەردانکردن پرۆسەکە تەواو دەکەن بڕوانە هێڵکارییەکانی خوارەوە

-١ [ ± نێر] → پۆلەڕەگەز ، پۆلەڕەگەز

[ ± نێر] → مۆرفێمی شکانەوە ، مۆرفێمی شکانەوە

بەوەش /تەوەن/ و/ژەن/ لە دوو دیوی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژییدا دو پێواژۆی جیای نیشانەکردن دەبن. بە جۆرێك وەك لە هێڵکارییەکانی خوارەوەدا دەردەخرێ، پرۆسەی مۆرفۆلۆژی وئاستێکی تری نیشانەکردن دەبێت. (بڕوانە خشتەی(٣)و نمونەی(٢٥)):

**خشتەی(٣)**

| |
|---|
| فەرهەنگ |
| (ژەن) |
| مۆرفۆلۆژیی درووستکردن |

٢٥) ا. [ ± نێر] → ئەدا ، تاتە

ب. تەوەن | تەوەنی

نیشانەکردن بە پێی مۆدێلی ڕێزمانی شێوەزارەکەو لە نیشانە بۆ پۆلەڕەگەز دروستکردن و پاشان قۆناغی ڕێزمان دەچێت، چونکە نیشانەکان لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزیان بۆ دادەڕێژرێت، پاشان مۆدێلەکە بەرەو شکانەوە و سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسی دەچێت، بۆ جێندەر و دیاریکردنی جێندەری لە کۆی مۆدێلی ڕێزمانی شیوەزارەکەدا نیشانە دەکرێت، لەوەوە مۆدێلەکە جاریکی تر دادەڕێژرێتەوە.(بڕوانە خشتە(٤))

**خشتەی (٤)**




بە پێی مۆدێلەکە کۆی فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری سیستەمی جێندەرین، نەك تەنها پێکهاتەیەك. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا لە شێوەزارەکەدا جێندەری ڕێزمانی، کە لە مۆرفۆلۆژیی شکانەوەو سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسدا هەیە، تەواوکەری زایەندە یان بە تەنها سیستەمێکی جێندەرییە ؟ سەرتاپای توێژینەوەکە بە دوای وەڵامێکی زانستییە بۆ ئەو پرسیارە، بۆیە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا وەڵامەکە دەست دەکەوێت، بەلام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە سیستەمی دابەشکردنێکی تەواوکارانەیەو هەرپێکهاتەیەك بە تەرزی خۆی نیشانەکردنەکە دەکات، بە جۆرێك لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی دروستکردندا، فۆرم بۆ نیشانەکردنەکە جێبەجێدەبێت، بەڵام لە مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن وسینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسدا، مۆرفێم نیشانەکردنەکە دەنوێنێت. بەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە زایەند بناغەی جیاوازی جێندەری ڕێزمانی دادەنێت. ئەویش بەو پێیەی نیشانە مۆرفێمییەکە، کە لە زایەندەوە بۆ جێندەری ڕێزمانی دێتە خوارەوە چونکە ڕوونکردنەوە و ناسینەوە جێندەریەکە لەو فۆرمانە دەبێت، کە زایەندیین. (بڕوانە/ژەن، تەوەن، هەنگور/لە خشتەی(٥))

**خشتەی(٥)**




جێندەری هەر سێ توخمەکە، ئەوە دەردەخات، کە مۆرفۆلۆژیی شکانەوە تەواوکەری سیستەمی جێندەرییە، ئەویش لەبەرئەوەی هەریەك لە فۆرمەکانی (تەوەن، هەنگور، ژەن) لە شکانەوەدا نرخی جێندەرییەکەیان دەردەکەوێت، بە جۆرێك کەلەگەڵ زایەندی (ژەن) یەکدەگرنەوە. بەمەش پێشبینی دەکرێت، کە جێندەری ڕێزمانی درێژکراوەی/تەواوکەری زایەندی فەرهەنگی بێت، یان هەریەك لە سێ توخمەکە لە فەرهەنگدا خاوەنی نیشانەکانی[± نێر]بن، چونکە شکانەوەو گەردانکردنەکان، بە پێی ئەو نیشانەیە مامەڵە لەگەڵ توخمە نازایەندییەکان دەکات و هەمان مۆرفێم (نێر/مێ)دەدات. پێشبینیەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆی داتاو وشەکانی شێوەزارەکە، لە نێوان [± نێر] دا دابەشکراون و پرۆسەکە بە کەتیگۆری فۆرمداڕشتنی مۆرفۆلۆژیی و گەردانکردن و ڕێککەوتن جێبەجێکراوە. پەیوەست بە ڕیککەوتن.

## ئەنجامەکان:

١-لە شێوەزاری هەورامییدا سیستەمی جێندەریی لە نێوان قۆناغی پێش_فەرهەنگیی و فەرهەنگیی و ڕێزمانیدا پێڕەوێکی تەواوکاریی و بێکەمکوریی هەیە.

٢-لە پێکهاتەی فەرهەنگەکەیدا داڕشتنی پۆلەڕەگەزەکان و ئارگومێنتەکان بۆ زایەندن، لەوەشەوە لە ڕێزمان_بەتایبەتیی مۆرفۆلۆژییدا ئەگەرچیی جێندەر نواندنی ڕێزمانیی هەیە، بەڵام پەیکاڵی نیشانەی [+/- نێر]ن، ئەویش بەو پێیەی لە شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی پۆلەڕەگەزەکاندا هەمان مۆرفێمی جێندەریی وەردەگرن، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە جێندەر و ڕەهەندەکانی، بنەمایەکی زایەندییان هەیە.

٣-داتاو نموونەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە لەسەر بنەمای فۆرمداڕشتنی فەرهەنگیی (lexical argumentation) لە فەرهەنگە پۆلەڕەگەزەکان بۆ زایەندن، شێوەزارەکە لە مۆرفۆلۆژیی دروستکردندا پۆلەڕەگەزی دەگمەن تاکوتەرای بۆ زایەند هەیە، کەچیی مۆرفۆلۆژیی شکانەوەی کە بۆ جێندەری ڕێزمانییە چالاک و بەبەرهەمە، بەوەش سیستەمی ڕێزمانیی شێوەزارەکە ئازادانەو بەهێزترە لە فۆرمداڕشتنەکەی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردیی:

**ا- کتێب:**

١- سدیق، فاروق(٢٠١١). لەدایکبوونی وشە. چاپخانەی شڤان. چاپی یەکەم ،سلێمانی
٢- مەعرووف، عەبدولجەبار(٢٠٢٠). لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی. چاپی یەکەم..چاپخانەی سارا. سلیمانی
٣- بێدار،جمال(٢٠١٢). لە بابەت ڕێزمانی هۆرامیەوە(نیشانەی نێرو مێ لە زاری هەورامییدا).چاپی یەکەم.
٤- فەتاح، محەمەد و قادر، سەباح(٢٠٠٦). چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی.بەشی ڕووناکبیری،چاپخانەی ڕوون. سلێمانی.
٥- مەحویی ، محەمەد (٢٠١٠).مۆرفۆلۆژی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان. بەرگی یەکهەم.زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٦- ئەحمەد، بیستون (٢٠١٢).کۆمەڵەوشە وپێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا.سلێمانی.چاپی یەکەم.بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.سلێمانی
٧- دزەیی ،عەبدولواحید (٢٠١٥).وشەسازی زمانی کوردی.چاپی سێیەم.چاپخانەی ئاودێر،هەولێر.
٨- حوسێن،شیلان(٢٠١١). پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا. چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

**ب- نامەی زانکۆیی(بڵاونەکراوە):**

-9 ئەحمەد،تریفە(٢٠١٣). پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی.نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.
١٠- سەعید، سازان(٢٠١٩). نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١١- قادر، شێرکۆ(٢٠٠٢). مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا. نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی،سلیمانی.
١١- فەتاح، شنە(٢٠٠٦). ئاوەڵناو وەك کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامییدا.نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٢- عەلی، پێشڕەو(٢٠١٥). یاسامۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا. نامەی ماجیستێر.سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٣- ڕەمەزان، هێمن(٢٠١٥).پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا(بەشەدیالێکتی سلێمانی).نامەی ماجیستێر.زانکۆی سلێمانی.سلێمانی
١٤- عەزیز ،ئاریان(٢٠٢٠).ناوی کرداری ،کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز.نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان.زانکۆی سلێمانی.سلێمانی
١٥- عەبدولڕەحیم ، عثمان (٢٠١٤).وشەی زمانی کوردی وڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی.نامەی ماجیستێر.کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٦- قادر،ئەبوبەکر(٢٠٠٣). بەراوردیکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا. نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.سلێمانی.

**پ- گۆڤار:**

١٧- ئەحمەد،تریفە(٢٠١٥). زانیاری پراگماتیکی لە کرداردا.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،بەشی(B)٤٦.
١٨- محمد، فەرەیدوون ، قادر، ابوبکر(٢٠١٠). کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)١٢٣،٢٧-١٤٩.
١٩- فەتاح، محەمەد(١٩٨٩).کار پۆلێنکردن بە پێی ڕۆنان،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، (١٢١).

### بە زمانی عەرەبیی:

٢٠-Taufiqurrochman R،(٢٠٠٩). . دراسة معجمية نشأتها ونظرياتها ومدارسها Ittijâh.١(٢),١٧٣-١٨٨

### بە زمانی فارسی:

٢١- بختیاری،بهروز، همکاران(٢٠٢٠). جنس دستوری در هورامی.دوماهنامه علمی،پژوهشی،٥(٣٥)،٢٠٩-٢٣٢.

### بەزمانی ئینگلیزی:

22-Shoham, A.(2019). "Grammatical Gender Marking: The Gender Roles Mirror". Temple University, USA,19(4),16-19
23- Corbett, G.(2014). The Expression of Gender. Walter de Gruyter GmbH, Berlin.
24- Ademi, V.&Ademi,L .(2017)"Lexicon theory and speech synthesis" Faculty of Philology, Tetovo University – Tetovo, Republic of Macedonia .
25 dirk,G.& hanne, C.( 2010). The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics. oxford;oxford university press.
26- Corbett, G.(1991). Gender. Cambridge University press.
27- Brugmann, k.(1897).The Nature and Origin of the noun Genders in the Indo-European Languages. New York.

28-Greenberg, J.(1963). Some Universals of Grammer with Particuler refrence to the Order of Meaningful Elements. Universals of Language.cambridge: MIT Press.

پێگەی ئەلیکترۆنی:

29- Lexicon - Glottopedia
30- https://wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker
31-https://alantologia.com/page/14515/
32-https://en.wikipedia.org/wiki/Grammatical_gender
33-https://www.thoughtco.com/what-is-an-inflectional-morpheme-
34-www.analytictech.com/mb119/markedne.htm)
35- https://en.wikipedia.org/wiki/Gender_and_Language